# یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەرخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و ڕەهەندە یاسایی و دەستوریەکانی لەگەڵ یاساکانی هەڵبژاردن و یاسا پەیوەندیدارەکان

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

توێژەر: مافناس سلێمان مستەفا حەسەن

پێشکەشە بەوانەی دەیانەوێت لە ڕێگەی یاساوە کۆمەڵگایەکی مەدنی بنیاد بنێن
کە تێیدا یاسا سەرەور بێت و دەوڵەت دەوڵەتی ماف بێت.

سلێمانی

حوزەیران ٢٠١٦

**پێشەکی**

دوای ئەنجامدانی چوارخولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەک خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم، یەک خولی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لە هەرێمی کوردستان –عێراقدا. زیاتر خاڵە نەرێنی و کەموکورییەکانی یاساکانی هەڵبژاردن و یاسا پەیوەندیدارەکان بە هەڵبژاردنەوە دەرکەوتن، بەتایبەتی دوای جێبەجێکردنی یاساکان لەمەیدانەکەدا، هەندێ پرس زۆر بەگرنگیەوە بەدەرکەوتن. دواتریش پێکهێنانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لەهەرێمی کوردستاندا، لەهەبوونی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی ئیتتحادیدا، توێژەر مەبەستیەتی لە دووتوێی ئەم توێژینەوەدا، رەهەندە یاسایی و دەستوریەکانی کۆمسیۆنی هەرێم لە چوارچیوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی ئیتتحادی و حکومەتی هەرێم دیار بکات. هەروەها ئاماژە لەسەر ئەو برگە و مادده یاساییانە دابنێ، کە پێویستیان بەهەمواركردنەوە (چاکسازی هەیە) لە یاساکانی (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم، یاسای پارێزگاکان، یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان، یاسای حزبەکان و یاساکانی راپرسییە گشتییەکان.

**سەرەتایەکی مێژوویی لەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان:**

ساڵی (١٩٨٨) و لە دوای پرۆسەی ئەنفالەکان بەرەی کوردستانی لە لایەن حزبە کوردستانییەکان پێکهێنرا، لە راپەرینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بەرەی کوردستانی وەک دەسەڵاتێکی شەرعی کە سەرچاوەکەی خەبات و بەرگری و پشتگیری جەماوەر بوو سەرپەرشتی راپەرینی کرد. لە راپەرینەکەی بەهاری (١٩٩١) بوو بە تاکە دەسەڵاتی شەرعی لە پارێزگای(هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک). کێشانەوەی دامودەزگا کارگێری میرییەکان لە (١٩٩١/١٠/٨) لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و بەشێکی پارێزگای کەرکوک) بۆشایی کارگێری و دارایی و یاسایی گەورەی دروستکرد. بەرەی کوردستانی لە کۆبونەوەی ژمارە (١) رۆژی (١٩٩٢/٣/١٩) بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دا وەک دەسەڵاتی شەرعی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) ی دەرکرد، پاڵپشت بە ماددەی (شەشەم، حەوتەم، هەشتەم) لە یاسای ژمارە (١) ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەستەیەکی باڵا پێکهێنرا بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان (وەک لە ماددەی شەشەم داهاتووە: بەبڕیاری بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵا دروستدەکرێت بۆ سەرپەرشتکردنی هەڵبژاردنەکان و بەسەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەک یان پلە دوو، ئەندامێتی داواکارێکی گشتی ناوچەی تێهەڵچونەوە یان جێگرەکەی، نوێنەرانی بەرەی کوردستانی، نوێنەرێکی کارگێری، پێکدێت ئەم ئەرکانە بەڕێوەدەبات:

١- دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن.

٢- پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچونی هەڵبژاردن تێیاندا.

٣- دەرکردنی زانیاری ڕێنمایی بۆ ئاسانکاری بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکان، دیاریکردنی کات ئەو ڕێگایەی کە سەرۆک ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردنی پێهەڵدەبژێردرێت.

هەروەها لە ماددەی حەوتەم دا هاتووە: (پێکهێنانی لیژنەی ناوچەکانی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەرێک و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی، کارگێڕیی، کەئەمانیش لەرێی خۆیانەوە لیژنەی سەنتەرەکانی هەڵبژاردن پێکدەهێنن).

هەروەها لە ماددەی هەشتەم دا هاتووە : (لیژنەی هەر سەنتەرێکی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەر یان جێگرێکی داواکاری گشتی، یاساناسێک، نوێنەری هەر لیستێکی هەڵبژاردن پێکدێت) هەنگاوەکانی بەرەی کوردستانی لە (١٩٩٢/٥/١٩) یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لێکەوتەوە. بارودۆخی کوردستان دوای هەڵبژاردن پێی نایە قۆناغێکی نوێ، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، پارتە سیاسیەکان گەڕانەوە بۆ وەرگرتنی رەوایەتی لە میللەتەکەیان، بەمەش دەزگایەکی شەرعی بە ناوی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا، پەرلەمانی کوردستان لە مادەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩١) ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی دایەوە پەرلەمان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان بە ناوی گەلی کوردستان بڕیار بدات) لەماددەی (٥٦) دا هاتووە(پەرلەمان ئەم ئەرک و دەسەڵاتانەی خوارەوە جێبەجێدەکات) :

١- یاسادانان.

٢- بڕیاردان لەسەر رێککەوتنەکان، یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان-عێراق، دیاریکردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی (مەرکەزی).

٣- دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە ئەویش دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی ئەندامانی دەسەڵاتەکەی هەیە لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان یان کەسانی تردا.

٤- متمانەدان بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان لێسەندنەوەی.

٥- بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی و پلانەکانی گەشەپێدان.

٦- چاودێریدانان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، لە (٢٠٠٣/٤/٩) دەرگای پرۆسەیەکی نوێ والاکرد لەبەردەم عێراقییەکان، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، چەندین بڕیاری دەرکرد لەوانە قانونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و یاسای حزبەکان و یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، بە مەبەستی تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوە، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە (٢٠٠٥/١/٣٠) پەسەندکردنی دەستور، سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ عێراق بەمەش بۆ یەکەمجار عێراقییەکان دەستوری کۆماری عێراقیان لە پرۆسەیەکی دەنگدانی گشتیدا پەسەندکرد. دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، بارودۆخێکی تر لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتەئارا، شان بەشانی ئەم گۆڕانکاریانە و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و پێکدانەکانی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانی کوردستان و عێراق بەردەوام بوو، کاروانی دروستکردنی دامودەزگاکان و بەیاساییکردنی پرۆسەی سیاسی لە

ناو تۆنێلکی بێمتمانەیدا گوزەریکرد، لێرەدا لە سۆنگەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دوای پەسەندکردنی دەستوری عێراق و دیارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتتحادی، هەرێمی کوردستانیش بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەرەواکانی هەنگاوی نا، کە چەندین یاسای جۆراو جۆری دەرکرد بۆ بەیاساییکردنی پرۆسەی سیاسی و گەشەدان بە دیموکراسی و دەستەبەرکردنی مافی هاوڵاتیان.

لە ماددەی(٥) ی دەستوری عێراق رەوایەتی دەسەڵاتی بەستوتەوە بە هەڵبژاردن (سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیبوونیەتی، کە بە هۆی دەنگدانی راستەوخۆ و نهێنییەوە لەرێی دامودەزگا دەستوورییەکانەوە ئەنجامیدەدات) ، وە لە مادەی (٢٠) ی دەستوور جەخت لەسەر مافی بەشداری هاوڵاتیان دەکاتەوە (هەموو هاوڵاتییەک بە ژن و پیاوەوە مافی بەشداریکردنی لە کاروباری گشتی و شادبوون بە مافە سیاسییەکان هەیە لەوانە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن). لەماددەی (١٠٢) ی دەستووردا ئەرکی ئەنجامدان و رێکخستنی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی خستۆتە سەر شانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن - ئیتتحادی (کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەستەی دەستپاکی، سەربەخۆن و لە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی نوێنەران دان و کارەکانیان بەیاسا رێکدەخرێن) ، هەروەها لەماددەی (١١٠) ی دەستووردا دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی ئیتتحادی دیاریکراون، ماددەی (١١٠) ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵەوە:

یەکەم: رەنگرێژکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و یەکلایکردنەوە و رەنگرێژکردنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانییە دەرەکییە سەروەرییەکان.

دووەم: دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەرێوەبردنی هێزێکی چەکدار بەمەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و بەرگری لێان.

سێیەم: رەنگرێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و رێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و رەنگرێژکردنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەرێوەبردنی بانکێکی ناوەندی.

چوارەم: رێکخستنی کاروباری پێوەر و پێوان و کێشان.

پێنجەم: رێکخستنی کاروباری رەگەزنامەو بەهاوڵاتیبوون(تجنس) و نیشتەجێبوون و مافی پەنابەریەتی سیاسی.

شەشەم: رێکخستنی سیاسەتی لەرەلەرەکانی پەخشکردن و پۆستە.

حەوتەم: دانانی پرۆژەی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

هەشتەم: پلاندانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاویانەی لە دەرەوەی عێراقەوە دێن و مسۆگەرکردنی گەیشتنی برە ئاوی پێویست بۆ ناو ئاوی عێراق بەگوێرەی یاساو نەریتە نێودەوڵەتییەکان.

نۆیەم: ئامار و سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

ئەمانەی سەرەوە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی ئیتتحادی بوون کە لە دەستووردا هاتووە.

هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٩١) حوکمی خۆبەڕێوەبەری گرتۆتەدەست،پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٢٢) لە (١٩٩٢/١٠/٤) جاڕی فیدراڵی داوە، لە پڕۆسەی ئازادی عێراقیشدا فاکتەری بەهێزی سەرخستنی پڕۆسەکە بوو لەچوارچێوەی عێراقی ئیتتحادیدا. پەرلەمانی کوردستان لە پڕۆسەیەکی سازاندا لە نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، لە ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی دەرکرد ، ولە کۆتایی ساڵی (٢٠١٤) متمانەی بە ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن راپرسی دا، کە تاکە دەسەڵاتی تایبەتمەندە لە سەرپەرشتیکردن و رێکخستنی هەڵبژاردنەکانی سەرتاسەری کوردستانی عێراق.

**کێشەی توێژینەوە:**

ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر زیاتر لە یاسایەک و کۆکردنەوەی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە پڕۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی، سەقامگیری باردۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەوڵەتدارییەوە هەیە، خۆی لە خۆیدا کارێکی گرانە، وەرگرتنی رەهەندی یاسای و دەستوری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی شیکردنەوەی یاسای کۆمسیۆن، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کوردستان، یاسای پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، یاسای حزبەکان، یاسای پێدانی بودجە بە حزبەکان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەرگرتنی وەڵامی چەند پرسیارێک تاوەکو لە رێیەوە لە تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەییە وردبینەوە، ئەو پرسیارانەی ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر دەکات ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئایا رەهەندە یاساییی و دەستوریەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی چین، ئایا هەرێمی کوردستان مومارەسەی مافە دەستورییەکانی خۆی کردوە؟

٢- ئایا یاسای کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی پێویستی بە پێداچونەوە چاکسازی هەیە.

٣- ئایا یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوای (٧) جار هەموارکردن گونجاوە بۆ کارپێکردن؟ ئایا سیستمی لیستی نیمچەکراوە (کراوەی سنوردار) ئامانجی خۆی پێکا؟ ئایا کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت؟

٤- ئایا یاسای پارێزگاکان و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بێ کەموکوڕین؟ ئایا سیستمی لیستی نیمچەکراوە ئامانجی خۆی پێکا؟ ئایا پێشکەشکردنی دوو ئەوەندەی کاندید بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بار قورسی دروستکرد، ئایا ئەنجومەنی شارەوانیەکان وەک خۆیان بمێنن و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی قەزاو و ئەنجومەنی ناحییە و ئەنجومەنی شارەوەنیەکان ئەنجام بدرێن ؟.

٥- ئایا یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێویستی بە هەموارکردنە؟

٦- ئایا یاسای حزبەکان و یاسای پێدانی بودجە بە حزبەکان، هەموارکردنەوەیان پێویستە؟ ئەم یاسایانە لە کوێ لەگەڵ ئەرکی کۆمسیۆن وەک دامەزراوەیەکی هەستیار و پڕ بایەخ تەواوکەری یەکتردەبن، بۆ بەدەستهێنانی متمانەی هاوڵاتیان و حزبەکان و گروتینندان بە پڕۆسەکانی هەڵبژاردنەکان، کام مادده و بڕگە لە

یاساكان پێویستییان بە هەمووارکردنە؟ ئایا ئەو سیستمانەی دەنگەكانیان پێ وەردەگێردرێت بۆ سەر كورسی گونجاون لە واقعی هەرێمی كوردستان، ئایا شێوازی دابەشكردنی كورسیەكانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاكان گونجاوە بۆ هەرێم؟ ئایا شێوازی لیستی كراوەو یەک بازنەی هەڵبژاردن ئامانجی خۆی پێكا؟ ئایا یاسادانەری كوردستان سەركەوتووبوو لە كۆپی كۆمەڵێک لە یاساكانی ئیتتحادی وەک (كۆمسیۆن و یاسای پارێزگاكان و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاكان، گۆرینی لیستی داخراو بۆ نیمچەكراوە لە هەرێمی كوردستان) ئەمانە ئەو پرسیارانە بوون وەک كێشەی سەرەكی توێژینەوەكە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

پەنابردن بۆ زیاتر لە بابەتێكی وا هەستیار و پڕ بایەخ، كارێكی وا ئاسان نییە، كۆكردنەوەی یاسا پەیوەندیدارەكانی پرۆسەكانی هەڵبژاردن لە دوو توێی توێژینەوەیەكدا. دوای ئەنجامدانی چەندین خولی هەڵبژاردن، چەندین پرسیاری گرنگ لە لایەن راڤەكاران و شارەزیان و هاوڵاتیان دروست بوون، لە میدیاكان و كۆڕ و كۆبوونەوەكانیش باس و خواسیان لێوەكراوە، توێژەر رای وایە كە كاتی ئەنجامدانی توێژینەوەیە لەسەر پرسی هەڵبژاردن و یاسا پەیوەندیدارەكان پێیەوە، بەمەبەستی چاكسازی لەیاساكانی هەڵبژاردن و یاسا پەیوەندیدارەكان بەهەڵبژاردنەوە. هەر بۆیە ئامانجەكانی توێژینەوەكە لەم چەند خاڵەدا كورتدەكەینەوە:

١- زانینی رەهەندە یاسایی و دەستوریەكانی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسی.

٢- زانینی ئەوكەموكورتیانەی كە لە یاسای كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسیدا هەن، پێشنیار بۆ چاكسازیان.

٣- تێگەیشتن لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان داوی (٧) جار هەمواركردنەوەی، پێشنیار بۆ چاكسازیكردن تیایدا.

٤- تێگەیشتن لە یاسای پارێزگاكان ویاسای هەڵبژاردنی پارێزگاكان، داوی ئەنجامدانی یەكەم خولی هەڵبژاردن، پێشنیار بۆچاكسازیكردن تیایدا، یەک لایی كردنەوەی چارەنوسی یاسای شارەوانییەكان لەبوونی یاسای پارێزگاكاندا.

٥- دوای دووخولی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و یەک خولی هەڵبژاردنی سەرۆک لەهەڵبژاردنێكی گشتیدا، پێشنیار بۆ چاكسازیكردن تیایدا.

٦- تێگەیشتن لە یاسای حزبەكان و یاسای پێدانی بودجە بەحزبەكان، پێشنیار بۆ هەمواركردنەوەیان.

**گرنگی توێژینەوەكە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:

١- لەدوو توێی یەک توێژینەوەدا، پرسی یاسا پەیوەندیدارەكان بەتایبەتی وەک دۆكیومێنتێک پێشكەش بە یاسادانەران دەكرێت كە لە داهاتوودا و لە كاتی هەمواركردنەوەی یاساكاندا پشتیپێببەستن.

٢- وەک دۆكیومێنتێک پێشكەش بە كۆمسیاران دەكرێت تا لە كەموكورتی یاساكانی هەڵبژاردن و یاسا پەیوەندیدارەكان پێیەوە بە ئاگا بن.

٣- ئەم هەوڵەی توێژەر ببێتە دەستپێک تا دەزگا ئەکادیمییەکانی کوردستان قسەی جدی لەسەر ئەم پرسە بکەن.

٤- گرنگی یاسای هەڵبژاردن و یاسای کۆمسیۆن و یاسا پەیوەندیدارەکانی تر بە هەڵبژاردنەوە سەرچاوەیان لە بەرقەرارکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی گرتووە، چونکە بەقەد ئەوەی یاساکان گرنگن جێبەجێکرنیان و گونجاندنیان بە پێی واقعی کوردستان ئەوەندەی تر گرنگە، بۆیە پرسی ئەم یاسایانە گرنگی لەوەوە سەرچاوەیی گرتوە کەبەڵگەنامەی جێبەجێکردنی بنەماکانی دەستورن، بەشێک لە شارەزایانی بواری هەڵبژاردن، یاسای هەڵبژاردن بە دەستووری وڵات ناوزەد دەکەن.

**رێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەر پشتیبەستووە بە رێبازی شیکاری بۆ ماددەو برگە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە بەرەوپێشبردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و لە چوارچێوەی یاسای (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، یاسا پێدانی بودجەی حزبەکان، یاسای حزبەکان.

# بەشی یەکەم

## ڕەهەندە یاسایی و دەستوریەکانی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەرخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

**دەروازی یەکەم: دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی ئیتتحادی**

پاڵپشت بە مادەی (١١٠) [1]ی دەستوور، دەستە سەربەخۆکان ناکەونە ژێر دەسەڵاتی (حەسری حکوومەتی ئیتتیحادی).

پاڵپشت بە ماددەی (١١٥) [2] ی دەستوور، هەر دەسەڵاتێک بە تایبەتمەندی (حەسری) لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئیتتیحادیدا نەهاتبێت، ئەکەونە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا، لە حاڵەتی بوونی ناکۆکی لە نێوان یاساکانی ئیتتیحادی ئەوا لە پێشتری بۆ یاساکانی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکانە لە هەرێمدا.

پاڵپشت بە خاڵی یەکەم لە ماددەی (١١٧) [3]ی دەستوور، حکومەتی عێراق دان ئەنێت بە هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن ودادوەری) کە لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە.

پاڵپشت بە خاڵی یەکەم لە ماددەی (١٢١) [4] دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریان هەیە، پاڵپشت بە خاڵی دووەم لە ماددەی (١٢١) هەرێم مافی هەموارکردنەوەو جێبەجێکردنەوەی یاساکانی ئیتتیحادی هەیە.

---

١- ماددەی (١١٠) ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵەوە :

یەکەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و یەکلایکردنەوە و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانییە دەرەکییە سەروەرییەکان.

دووەم: دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بەمەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و بەرگری لێان.

سێیەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکێکی ناوەندی.

چوارەم: ڕێکخستنی کاروباری پێوەر و پێوان و کێشان.

پێنجەم: ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامەو بەهاوڵاتیبوون(تجنس)و نیشتەجێبوون و مافی پەنابەریەتی سیاسی.

شەشەم: ڕێکخستنی سیاسەتی لەرەلەرەکانی پەخشکردن و پۆستە.

حەوتەم: دانانی پڕۆژەی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

هەشتەم: پلاندانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاویانەی لە دەرەوەی عێراقەوە دێن و مسۆگەرکردنی گەیشتنی بڕە ئاوی پێویست بۆ ناو ئاوی عێراق بەگوێرەی یاساو نەرێتە نێودەوڵەتییەکان.

نۆیەم: ئامار و سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

٢- ماددەی (١١٥) هەرشتێک لەسنوری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدارڵیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمیکەوە، ئەگەر ناکۆکی دروستبوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینەیی بۆ یاسای هەرێمەکەیە.

٣- ماددەی (١١٧) یەکەم : ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستای دەنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵ . دووەم : ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت، کە بەگوێرەی بڕگەکانی دەستوور دادەمەزرێن .

٤- ماددەی (١٢١) یەکەم : دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەرییان هەیە بە گوێرەی ئەم دەستوورە، جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵەوە.

دووەم : حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە، ئەگەر ناکۆکی یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵ و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێک، لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی.

پاڵپشت بە ماددەی (١٤١)[٥]ی دەستوور، کارکردن بەردەوام دەبێت بەو یاسایانەی کە لە ساڵی (١٩٩٢) لە هەرێمی کوردستان دانراون.

**دەروازەی دووەم: رەهەندە یاساییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی**

پاڵپشت بە ماددەی (٦)[٦] لە یاسای ژمارە (١) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان پێکهێنرا.

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٤٧)[٧]ی ساڵی (٢٠٠٤) یاسای سێیەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) بە پێی ماددەی دووەمی یاساکە، ماددەی شەشەم هەموارکرا (دەستەیەکی باڵاو سەربەخۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەکات).

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٠٩) یاسای چوارەمی هەموارکردنی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) ، ماددەی (١٨)[٨] سێیەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە (١) هەمواردەکرێت، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن، شوێنی دەستەی هەڵبژاردن دەگرێتەوە.

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١٤)[٩]ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) ، بە پێی ماددەی دووەمی یاساکە، بڕگەی یەکەم لە ماددەی شەشەم دووبارە بەمشێوە

---

٥- کارکردن بەو یاسایانە کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بە هەمانشێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان، ئەگەر هەموارنەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بەمەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت.

٦- ماددەی شەشەم:

یەکەم: ئەنجوومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادەدەکات:

١- دامەزراندن و نوێکردنەوە و بژارکردنی تۆماری دەنگدەران لە ڕێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

٢- پەسەندکردنی تۆمارکردنی لیستی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانێتییەکان و پاڵێوراوان بە مەبەستی چوونە ناو هەڵبژاردنەکان و بەشداریکردن تێیدا.

٣- متمانەدان بە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان و بریکارانی لیستەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.

٤- یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەو سکاڵا و تانەلێدانانەی لە گشت هەڵبژاردنەکان دەدرێن و بڕیارەکانیشی مایەی تانەلێدانن لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا.

٥- پەسەندکردنی ڕێکارەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.

٦- ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان دوای پەسەندکردنی لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەوە.

٧- دانانی پەیڕەو و ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی بێگەردی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

٨- پەسەندکردنی هەیکەلی کارگێڕیی هەڵبژاردن.

٩- دامەزراندنی کارمەندانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکاندا.

١٠- داڕشتنی سیاسەتی دارایی کۆمسیۆن.

دووەم: پاڵاوتن بۆ دامەزراندنی پلە باڵاکان لە بەڕێوەبەری بەڕیوەبەرایەتییەکان لە کۆمسیۆن و نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکاندا لە ڕێی پێشنیاز کردنی (٣) سێ پاڵێوراوەوە دەبێ بەگوێرەی بنەمای دەرفەتی یەکسان، لیژنەیەکی تایبەت ئەم کارە جێبەجێدەکات کە لەلایەن ئەنجوومەن دروستدەکرێ، یەکێک لە پاڵێوراوەکان لەلایەن ئەنجوومەنەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ هەڵدەبژێردرێ.

٧- بەپێ یاسا هەیئەتێکی باڵای سەربەخۆ، بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و هەڵسوڕاندنی چالاکییەکانی هەڵبژاردن، لەهەرێمی کوردستان – عێراق، پێکدەهێنرێ ،ئەم هەیئەتە لیستەکانی هەڵبژاردن ئامادەدەکا و مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دیاردەکا، ڕێنمایی پێویستش بۆ ساناکردنی ڕەوشی هەڵبژاردنەکان و ناوزەدکردنی سەرۆکان و ئەندامانی لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن دەردەهێنێت.

٨- هەیئەتێکی باڵای سەربەخۆ کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق دەکات، بۆی هەیە، شێوە و شێوازی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەی یەکە ئیدارییەکاندا دیاریبکا، لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردنیش پێکبهێنێ.

٩- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەچێتە شوێنی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی تا ئەو کاتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت.

هەمواردەکرێتەوە (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەچێتە شوێنی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی تا ئەو کاتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت.

پاڵپشت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەمی[١٠] یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان (دەستە: دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، پاڵپشت بە ماددەی دووەم[١١] لە یاسای ژمارە (٤) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات تا ئەو کاتەی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت.

لەیاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥) ی هەموارکراو یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە ماددەی (٧) [١٢]دا هاتووە دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات.

**دەروازەی سێیەم: یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان**

پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٨) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی پەسەند کرد.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، پاڵپشت بە ماددەی(٥٦) [١٣] لە یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراوە، پاڵپشت بە خاڵی یەکەم لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٤) [١٤]ی ساڵی (٢٠١٤) تاکە دەسەڵاتە (دەسەڵاتی حەسرییە) کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان ئەنجامدەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان – عێراق.

١-پێکهاتەی کۆمسیۆنی:

لەبەر ڕۆشنایی یاسای کۆمسیۆن پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٤/١٢/٣) متمانەیدا بە ئەنجوومەنی کۆمسیاران، و لە ڕۆژی (٢٠١٤/١٢/٢٣) ئەنجوومەنی کۆمسیاران لەبەردەم ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان سوێندی یاسییان خوارد و دەستبەکاربوون، ئەنجوومەن لە ڕۆژی (٢٠١٥/٣/١) یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی گرێدا، کە پێکهاتەکەی بەمشێوەی خوارەوەیە بەپێی ماددەی پێنجەم[١٥].

---

١٠- دەستە : دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە کوردستان.

١١- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی هەموو قۆناغ و ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی لە هەرێمدا دەکات، تاوەکو ئەو کاتەی دەستەکە دادەمەزرێت .

١٢-١- داوای خۆ پاڵاوتن ، لانیکەم پێش (٣٠) سی ڕۆژ لە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق پێشکەش بە دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکات ..........(٥- دەستەی باڵا لانیکەم (١٥) پازدە ڕۆژ بەر لەوادەی ڕۆژی هەڵبژاردن ناوی پاڵێوراون رادەگەیەنێ).

١٣- پەرلەمان، ئەم ئەرک و دەسەڵاتانەی خوارەوە جێبەجێدەکات:
١- یاسادانان.
٢- بڕیاردان لەسەر ڕێککەوتنەکان، یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان-عێراق، دیاریکردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی (مەرکەزی).

١٤- بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەیەک دادەمەزرێ لە ژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات (السلطە الحصریە) کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییەگشتییەکان ئەنجامدەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان - عێراق.

١٥- کۆمسیۆن پێکدێت لە:

ا/ ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە (٩) ئەندام پێکهاتووە، ئەرکی دەرکردنی سیستم و ڕێککارییە سەبارەت بە گشت قۆناغەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کە گەورەترین دەسەڵاتە لە کۆمسیۆندا.

ب/ کارگێڕی هەڵبژاردن[16] لە لایەن ئەندامێکی ئەنجوومەن سەرۆکایەتی دەکرێت، کە لەفەرمانگەی گشتی هەرێم و فەرمانگەی پارێزگاکان پێکدێت، کە ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو سیستم و ڕێککارانەیە کە ئەنجوومەن دەریاندەکات، بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکییانەی کە مۆرکی پرۆسەگیری و جێبەجێکارییان هەیە.

ج/ ئەنجومەن پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٤) ی پەیڕەی ناوخۆی ئەنجوومەن و پەیڕەوی کارگێڕی دەرکرد کە شێوازی بڕیاردان و کۆی پەیکەری کۆمسیۆن دەگرێتەخۆی لەگەڵ شێوازی ئامادەکاری پرۆسەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسی [17].

د/ ئەنجومەن سەرۆک و جێگر و بڕیادەر و سەرۆکی کارگێڕی بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن هەڵدەبژێرێت [18].

---

یەکەم: ئەنجوومەنی کۆمسیاران
دووەم: کارگێڕیی هەڵبژاردن
یەکەم: ئەنجوومەنی کۆمسیاران:
١- ئەنجوومەنی کۆمسیاران: لە (٩) ئەندام پێکدێ، کە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن، دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پەرلەمان پێکیدەهێنێ و پێشنیازدەکرێن، بەمەرجێک دوو ئەندامی ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە یاساناس بن هەروەها دەبێ نوێنەرایەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ، ماوەی کارکردنی ئەنجوومەنەکەش (٥) پێنج ساڵی ڕۆژ ژمێرییە.
٢- ئەوەی بۆ ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێ دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:
آ- هاووڵاتی کوردستان ـ عێراق بێ و بەبەردەوامی تێیدا نیشتەجێبێت.
ب- بەلانیکەمەوە دەبێت خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.
ج- تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێ.
د- خاوەنی ئەزموون بێت و توانا و دەستپاک بێت و بێلایەنی سەلمێنرابێ.
هـ- خاوەن ڕەفتار و ڕابردوویەکی چاک بێت، بە تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.
و- بەشدارینەکردبێ لەو تاوانانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە پلانی بۆ داڕێژرابێت یان ئەنجامدرابێ، بۆ سەرکوتکردنی گەلی کوردستان و گشت گەلانی عێراق و هەروەها بەعسی نەبوو بێت بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٣).
ز- ئینیتمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ لەکاتی ئەندامێتیدا لە ئەنجوومەن.
٣- ئەندامانی ئەنجوومەن سوێندی یاسایی لەبەرامبەر ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمدا دەخۆن و بەگوێرەی ئەم داڕشتنە: (سوێند بەخوای مەزن دەخۆم، کە بەرپرسیارییەتییە یاسایی و پیشەییەکەم بە ئەمانەت و بە لەخۆ بووردەیی و دڵسۆزییەوە جێبەجێبکەم و کاربکەم بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی سەرشانم بە سەربەخۆیی و بێلایەنی، خوا شایەدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

٤- آ- ئەنجوومەن لەیەکەم دانیشتنیدا بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی سەرۆک و جێگر و بڕیاردەی ئەنجوومەن و سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێ.
ب- سەرۆکی ئەنجوومەن نوێنەری یاسایی کۆمسیۆنە.
٥- سەرۆکی ئەنجوومەن یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات ئەم دەسەڵاتانە جێبەجێدەکات:
آ- بەڕێوەبردنی کارە کارگێڕی و ڕێکخستنیەکانی ئەنجوومەن.
ب- ئامادەکردنی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و گرێدان و سەرۆکایەتیکردنی، بەو کۆبوونەوانەشی کە سێ ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە داوای دەکەن.
جـ- هەر ئەرکێکی تر کە ئەنجوومەن پێیبسپێرێ.
٦- کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دروستە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەکانی و بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی ئامادەبووان وەردەگیرێ و لەکاتێکدا ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەو لایەنە براوە دەبێ کە سەرۆک دەنگی لەگەڵ داوە.
١٦- کارگێڕیی هەڵبژاردن:
١- کارگێڕیی هەڵبژاردن پێکدێ لە نووسینگەی گشتی و نووسینگەی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکان بە گوێرەی ئەو هەیکەلەی لەلایەن کارگێڕیی هەڵبژاردنەوە پێشنیازکراوە و لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسەندکراوە.
٢- کارگێڕیی هەڵبژاردن بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەو پەیڕەو و ڕێنماییانە دەگرێتە ئەستۆ کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەرچوون، هەروەها بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی کە مۆرکی پرۆسەگیری و جێبەجێکاری یان ڕێککارییان هەیە.
١٧- ئەنجومەنی کۆمسیاران پەیڕەوی ئەنجومەنی کۆمسیاران و پەیڕەوی کارگێری هەڵبژاردنی پەسەندکردوو .
١٨- بڕگەی( آ) خاڵی (٤) یەکەمی ماددەی پێنجەم (ئەنجوومەن لەیەکەم دانیشتنیدا بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی سەرۆک و جێگر و بڕیاردەی ئەنجوومەن و سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێ.

٢- ئەركی كۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی كوردستانی - عێراق:

بە پێی دەقی بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٢) [١٩] لە یاسای ژمارە (٤) ی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی تاكە دەسەڵاتی حەسرییە كە ڕێككاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییەگشتییەكان ئەنجامدەدات لەسەر ئاستی سەرتاسەری كوردستانی – عێراق، جگە لە هەڵبژاردنەكانی فیدراڵی لە هەرێمی كوردستاندا كە لە دەسەڵاتی كۆمسیۆنی فیدراڵی دایە ئەنجامیانبدات. بە پێی دەقی ماددەی چوارەم [٢٠] لە یاسای ژمارە (٤) كۆمسیۆن ئەركیەتی: (١- دانانی بنەماو ڕێسای كارپێكراوی نێودەوڵەتی، ٢- سەرپەرشتیكردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەكان لەسەرتاسەری كوردستانی عێراق، ٣- جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنەكان، ٤- بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆماركردن و نوێكردنەوەی دەنگدەران ٥- تۆماركردنی لیستی پاڵێوراوان، ٦- تۆماركردنی ناوی حزبەكان و لیستەكان، ٧- ڕێكخستن و ئەنجامدانی ژماردن و جیاكردنەوەی دەنگەكان، ٨- ئاشكراكردنی ئەنجامە بەراییەكان.

٣-دەسەڵاتەكانی ئەنجوومەن:

١- دامەزراندن و بژاركردن و نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران.
٢- پەسەندكردنی لیستی هەڵبژاردنەكان.
٣- متمانەدان بە چاودێرانی قەوارەكان و ڕێكخراوە ناوخۆ و بیانییەكان.
٤- پەسەندكردنی ڕێككارەكانی ئەژماركردن و جیاكردنەوە.
٥- ڕاگەیاندی ئەنجامی كۆتایی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسیەكان.

---

١٩- ماددەی دووەم:
یەكەم: بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێ لە ژێر ناوی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاكە دەسەڵات (السلطه الحصریه) كە ڕێككاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەكان ئەنجامدەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری كوردستان - عێراق.

٢٠- ماددەی چوارەم:
كۆمسیۆن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:
یەكەم: دانانی بنەما و ڕێسای كارپێكراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسییە گشتییەكان، كە لەسەرتاسەری كوردستان ـــ عێراقدا ئەنجامدەدرێن بۆ زامنكردنی جێبەجێكردنی بەشێوەیەكی بێگەرد و دادپەروەرانە.
دووەم: سەرپەرشتیكردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەكان لەسەرتاسەری كوردستانی عێراقدا.
سێیەم: جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسییە گشتییەكان بە گوێرەی یاسا كارپێكراوەكان.
چوارەم: ڕێكخستن و جێبەجێكردنی هەموو جۆرە هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسییە گشتییەكان لەسەرتاسەری كوردستانی عێراق.
پێنجەم: بەڕێوەبردنی پرۆسەی تۆماركردنی دەنگدەران و ڕێكخستن و نوێكردنەوەی تۆمارەكانیان بۆ مسۆگەركردنی مافی هەڵبژاردنیان.
شەشەم: تۆماركردنی لیستەكانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانییەكان و پەسەندكردنیان، بەگوێرەی یاسا پەیوەندیدارەكان.
حەوتەم: ڕێكخستن و جێبەجێكردنی پرۆسەی تۆماركردنی نوێنەرانی لیستەكانی هەڵبژاردن و چاودێرانی هەڵبژاردن لە ڕێكخراو و ڕاگەیاندكارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەكان و ئەوانی تر.
هەشتەم: ڕێكخستن و ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن و جیاكردنەوەی دەنگی دەنگدەران و ئاشكراكردنی ئەنجامەكان لەناو وێستگەكاندا بەمەرجێك كیانەكان هەر یەكە و دانەیەك لە ڕاپۆرتی ژماردن و جیاكردنەوەیان پێبدرێ.
نۆیەم: ئاشكراكردنی ئەنجامە بەراییەكانی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسییەكان، بەمەرجێك لە (٧٢) حەفتا و دوو كاتژمێر تێپەڕنەكات، هەروەها ئەنجامە كۆتاییەكان دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی تایبەتمەندەوە پەسەنددەكرێن.
دەیەم: كاركردن بۆ دروستكردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای گشت توێژەكانی كوردستان و چەسپاندنی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن لە ڕێی درێژەدان بە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەكانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

٦- دانانی ڕێنمایی و پەیڕەو بۆ پاراستنی بێگەردی پڕۆسەکانی هەڵبژاردن.

٧- پەسەندکردنی هەیکەلیەتی کارگێڕی کۆمسیۆن.

٨- دامەزراندنی کارمەندان.

٤-تانە و سکاڵاکان:

بەپێی برگەی (٤) لەماددەی (٨) [21]دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆمسیارانە کە بۆ یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەو سکاڵا و تانەلێدانانەی لە گشت هەڵبژاردنەکان دەدرێن، بڕیارەکانیشی مایەی تانەلیدانن لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لە دادگای پێداچونەوەی هەرێمدا.

هەروەها بەپێی ماددەی (٩) پێویستە ئەنجوومەن هەر کێشەیەکی تاوانکاری ڕووبەڕووی دەسەڵاتی تایبەتمەند بکاتەوە، ئەگەر هاتوو بەڵگەیەک هەبوو، سەبارەت بە ناکۆکییەکان کە لە ئەنجامی خۆئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان دێنەئارا. لایەنە زەرەرمەندەکان بۆیان هەیە لە بەردەم دەستەی دادوەری هەرێم، کە لە دادگای پێداچونەوە پێکدەهێنرێت تانە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن بدات، بڕیارەکانیشی سەبارەت بە داواکان بنبڕدەبێت.

٥- سەربەخۆیی کۆمسیۆن لە رووی داراییەوە:

بەپێی دەقی ماددەی (١٥) [22]کۆمسیۆن بودجەیەکی سالانەی سەربەخۆی دەبێ بە گوێرەی ڕێنمایی و ڕێسا پەیڕەوکراوەکان، کە بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری، پەرلەمانیش پەسەندیدەکات.

٦- سەربەخۆی کۆمسیۆن لەروی دەسەڵاتی کارگێڕی:

بەپێی ماددەی (١٦) [23]ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەسەڵاتی داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆی هەیە بۆ ئەنجوومەن و کارگێڕی هەڵبژاردن، هەروەها دەسەڵاتی دامەزراندی پۆستی باڵا و کارمەندانی هەیە بۆ کۆمسیۆن، بۆ

---

٢١- ماددەی نۆیەم:
یەکەم: ئەنجوومەن دەسەڵاتێکی (حصری)ی هەیە، سەبارەت بە جێبەجێکردنی مەدەنیانەی پەیڕەو و ڕێکارەکانی، پێویستە ئەنجوومەن هەر کێشەیەکی تاوانکاری ڕووبەڕووی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بکاتەوە، ئەگەر هاتوو بەڵگەیەکی هەبوو سەبارەت بە هەڵسوکەوتێکی تاوانکارانە کە پەیوەندی بە پاکی پڕۆسەی هەڵبژاردنەوە هەبێ.
دووەم: ئەنجوومەن ئەو ناکۆکییانە چارەسەردەکا، کە لە ئەنجامی خۆئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان دێنە ئاراوە، بۆی هەیە ئەو دەسەڵاتە ببەخشێ بە کارگێڕیی هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنیان لەکاتی ڕوودانیاندا.
سێیەم: بڕیارەکانی ئەنجوومەن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە سێ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی لە هەرێمدا بڵاودەکرێنەوە، ئەنجوومەن بۆی هەیە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆی دەربکا و سایتێکی ئەلکترۆنی بۆ ئەم مەبەستەش دروستبکات.
چوارەم: لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی دادوەریی پێکدێ لە سێ دادوەری تەرخاننەکراو بۆ ئەوەی چاو بەو تانەلێدانەدا بخشێنێتەوە، کە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن دەگیرێن، لەلایەن ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن زەرەرمەندن.
پێنجەم: تانەدان لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن لەلایەن ئەوانەی زیانیان لە بڕیارەکە بینییوە، ڕاستەوخۆ پێشکەش بە دەستەی دادوەریی هەرێم دەکرێ، لە ماوەی سێ ڕۆژ دا لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە، لەلایەن ئەنجوومەنەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕۆژانی پشووی فەرمی.
شەشەم: دەستەی دادوەریی پێویستە ئەو تانانە یەکلاییبکاتەوە کە پێشکەشیکراون، ئەویش لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لەو ڕۆژەوەی کە تانەکەی پێشکەشکراوە، بڕیارەکانیشی سەبارەت بەو تانانە بنبڕە و ڕێکارەکانی تەماشاکردنی تانەلێدانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسای دادبینی مەدەنی ژمارە (٨٣)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو، یاسا ڕێکارییەکانی تر، کە لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێدەکرێن، لە هەر شتێک بە دەق لەم یاسایەدا نەهاتبێت.
٢٢- ماددەی پازدەیەم:
یەکەم: کۆمسیۆن بودجەیەکی ساڵانەی سەربەخۆی دەبێ بەگوێرەی ڕێنمایی و ڕێسا پەیڕەوکراوەکان و لەلایەن ئەنجوومەنەوە پێشنیازدەکرێ بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری، پەرلەمان پەسەندیدەکات و دەخرێتە ناو بودجەی گشتی هەرێم.
٢٣- ماددەی شازدەیەم:
ئەنجوومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەکانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجامدەدا:
یەکەم: داڕشتنی پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بەخۆی.

ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمی یاساکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەوە، دەسەڵاتی دەرکردنی پەیڕەوی پێویستی هەیە.

٧- تۆماری دەنگدەران:

بەپێی برگەی پێنجەم لە ماددەی چوارەم و خاڵی یەکەم لە بڕگەی یەکەمی ماددەی شەشەم ئامادەکردن و ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران خراوەتە سەر کۆمسیۆن، بە گرتنەبەری هەموو شێوازو تەکنۆلۆجیایەک، هەروەک کارێکی ئیلزامییە کۆمسیۆن ناوی هەموو دەنگدەران تۆماربکات بە بێ ویستی دەنگدەران [٢٤].

٨- کێ بڕیار لەسەر وادەی هەڵبژاردنەکان دەدات:

بەپێ دەقی مادەی(٥١) [٢٥]یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ماوەی پەرلەمان (٤) ساڵە لە یەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکات لە دوا دانیشتنی ساڵی چوارەمی کۆتایی دێت، بەپێی ماددەی (١٢) وادەی دەنگدان بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە بەرواری کۆتایی ماوەی پەرلەمان یان بە دەرچونی بڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆی دیاریدەکرێت.

بەپێی ماددەی چوار لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕیوەدەچیت[٢٦].

بەپێی ماددەی (٣١) [٢٧]ی یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

بەپێی دەقی بڕگەی سێیەم لەماددەی دووەم، لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، بەم شێوەیە باس لە جاڕدانی وادەی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان دەکات، کۆمسیۆن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ (جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکان)

٩- چاودێری پڕۆسەکانی هەڵبژاردن و حزبەکان:

---

دووەم: داڕشتنی پەیڕەوێکی تایبەت بۆ دامەزراوەکانی کۆمسیۆن.
سێیەم: کردنەوە و هەڵوەشاندنەوە و بەیەکەوە گرێدانی بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەشەکان یان هۆبەکان لەکاتی پێویستیدا.
چوارەم: دەرکردنی پەیڕەوی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢٤- بڕگەی پێنجەمی ماددەی چوارەم: بەڕێوەبردنی پڕۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی مافی هەڵبژاردنیان.
ماددەی شەشەم:
یەکەم: ئەنجوومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادەدەکات:
١ ـــــ دامەزراندن و نوێکردنەوە و بژارکردنی تۆماری دەنگدەران لە ڕێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

٢٥- ماددەی پەنجاو یەکەم، ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە، لەیەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکات، لەدوا دانیشتنی ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت.
ماددەی دوانزەهەم: وادەی دەنگدان، بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری کۆتایی ماوەی پەرلەمان، یان بە دەرچوونی بڕیاری پەرلەمان بە هەڵوەشاندنەوەی خۆی، دیاریدەکرێت، بەر لەوادەی دیاریکراویش بە ماوەیەک کە لە یەک مانگ کەمترنەبێت، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەسەر هاوڵاتیاندا بڵاودەکرێتەوە (جاڕدەدرێت).

٢٦- دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کات و ساتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ئەنجامدەدرێت، بە مەرجێک لەگەڵ حوکمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە پێچەوانە نەبێ، لەو ماوەیە کەمنەکاتەوە کە بۆی دیاریکراوە .

٢٧- ماددەی (٣١) یەکەم: وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەراوێژ لەگەڵ دەستە دیاریدەکرێت، لە دەزگا هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندنیشدابە (٩٠) بە نەوەد ڕۆژ بەر لە وادەی دیاریکراو بۆ بەڕێوەچونی، ڕادەگەیەندرێت.

بەپێی ماددەی (١٢) [٢٨] لە یاسای ژمارە چوار یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ئەنجومەنی کۆمسیاران سیستمی چاودێری بۆ قەوارە سیاسییەکان، میدیاکان، چاودێرانی ناوخۆ و بیانی دەردەکات کە بە پێی ڕێوشوێنە پەیڕەوکراوەکان فرسەت بڕەخسێنێت بۆ پڕۆسەی ئامادەکاری و دەنگدان و جیاکردنەوەی، هەروەها هاوتەریب لەگەڵ یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان، دارایی قەوارەکان دەخرێتە چوارچێوەی وردبینی و دەکەوێتە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی.

١٠- پێشنیارکردنی پڕۆژە یاسا: بەپێی دەقی ماددەی حەڤدەیەم لەیاسای کۆمسیۆن، ئەنجوومەنی کۆمسیاران مافی پیشنیارکردنی پڕۆژە یاسای پەیوەندیداری هەیە بۆ پەرلەمان (ئەنجوومەن مافی ئەوەی هەیە، کە پێشنیاری ئەو یاسایانە بکات بۆ پەرلەمان، کە پەیوەندیان بە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکانەوە هەیە ئەمەش خاڵێکی ئەرێنی یاساکەیە.

١١- ڕەچاوکردنی ڕێژەی پێکهاتەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیدا.

٢٨- ئەنجوومەن دەبێ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، هەروەها لەگەڵ بریکاری کیانە سیاسیەکان و ڕاگەیاندکاران بۆ ئاسانکاری پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان بەمەبەستی زامنکردنی پاکییان.

## بەشی دووەم

## یاساكانی هەڵبژاردن

### دەروازەی یەكەم: یاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردسـتان یاسـای ژمارە (١) ی سـاڵی (١٩٩٢) لەگەڵ هەمواركردنەكانی

بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای پەرلەمانی كوردستان، پەرلەمانی كورستان لە (١١١) ئەندام پێكدێت) [٢٩] ئەندام لە دەنگدانی گشـتی و نهێنی هەڵدەبژێردرێن بە پێی سـیسـتمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لیسـتی كراوەی سـنوردار [٣٠] لە چوارچێوەی یەک بازنەی هەڵبژاردندا [٣١]، بەپێی ماددەی (٣٦) [٣٢]ی یاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمان (١١) كورسـیش تەرخانكراون بۆ پێكهاتەكانی پێنج كورسـی بۆ (كلدان و سـریان و ئاسوری)، پێنج كورسیش بۆ پێكهاتەی (توركمان)، (١) كورسیش بۆ پێكهاتەی (ئەرمەن)، هەروەها تەمەنی دەنگدەر (١٨) سـاڵە و پاڵێوراویش (٢٥) سـاڵ [٣٣]،خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوار سـاڵە [٣٤]، سـەبارەت بە پرسـی تۆماری دەنگدەرانیش بە پێی ماددەی (١٥) [٣٥] ئەركەكە خراوەتە سـەر شـانی كۆمسـیۆن تۆماری دەنگدەران ئامادە بكات، هەموو هاولاتیانی كوردسـتان مافی بەشـداریكردنی دەنگدانیان هەیە و بۆیان مسۆگەركراو بەرەوەندی كوردستانیشـەوە[٣٦]، سـەبارەت بە ناوچە كێشـە لەسـەرەكانیش بەپێی ماددەی یانزەیەم، هەڵبژاردنی تەواوكاریان بۆ ئەنجامدەدرێت[٣٧] هەروەها پرسـی دەنگدانی هێزە چەكدارەكانی[٣٨]و پاراسـتنی

---

٢٩- ماددەی یەكەم: پەرلەمانی كوردستان- عێراق لە سەدو یازدە ئەندام پێكدێت.
٣٠- ماددەی دووەم: هەڵبژاردن بەدەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ بەپێی سیستمی لیستی كراوەی سنوردار ئەنجامدەدرێت.
٣١- ماددەی نۆیەم: هەرێمی كوردستانی عێراق بەیەک ناوچەی دەنگدان دادەنرێت، دابەشدەكرێت بەسەر چەند مەركەزێكی دەنگداندا.
٣٢- یەكەم: پێنچ كورسی بۆ كلدان سریان ئاشوری تەرخاندەكرێ، پاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەردەكەن.
دووەم: پێنچ كورسی بۆ توركمان تەرخاندەكرێت، پاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەردەكەن.
سێیەم: یەک كورسی بۆ ئەرمەن تەرخاندەكرێت، پاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەردەكەن.
٣٣- ماددەی نۆزدەم: هەر هاوڵاتییەكی كوردستان– عێراق، چ نێر، چ مێ، بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەمبێت كەبە دەق لەم یاسایەدا هاتوون.
ماددەی بیست: مەرجە دەنگدەر لە هاوڵاتیانی كوردستان- عێراق بێ، هەژدە ساڵی تەواوكردبێت.
ماددەی بیست و یەكەم: پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان ئەم مەرجانەی خوارەوەی فەراهەمبێت:
١- لە هاوڵاتیانی كوردستان – عێراق بێت و، لێی نیشتەجێ بێت.
٢- تەواو و شیاو بێت گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ.
٣- بە چاكی خوێندن و نوسین بزانێت.
٤- بە جۆرە تاوانێک حوكمی زیندانی نەدرابێ كە لە ڕەوشت و ئادابی گشتی و دەستپاكی لایدابێت.
٥- بەتاوانی كوشتنی دەستئەنقەست و دزی حوكمی زیندانی نەدرابێ .
٦- بەشداری ئەنجامدانی لەو تاوانانەدا بەشدارینەكردبێ كە دەسەڵاتی سەركوتكاری لە كوردستاندا پلانی بۆ دانابێت یان ئەنجامی دابێت.
٣٤- ماددەی پەنجاویەک: ماوەی پەرلەمان چوارساڵە، لەیەكەم دانیشتنیەوە دەستپێدەكات، لەدوا دانیشتنی ساڵی چوارەمدا كۆتاییدێت.
٣٥- بۆ هەرێمی كوردسـتان، خشـتە بەناوی دەنگدەران بۆ دەنگدان، بەپێی مەركەزەكانی هەڵبژاردن ئامادەدەكرێت و بەپێی ڕیزبەندی پیتە ئەبجەدییەكان ڕێكدەخرێن كەپیشە و ناونیشان و بەروار و جێگەی لەدایكبوونیان تیا تۆماركراوە. ئەگەر لە توانادا نەبوو ئەوە بكرێ، ئەوكاتە دەستەی باڵا بۆی هەیە ڕێگەیەكی تری لە بارتر بۆ وەدیهێنانی مەبەستی پێویست دیارییكات.
٣٦- مـاددەی پەنجـاونۆیەم: هـاووڵاتیـانی هەرێمی كوردسـتـان-عێراق، كە لە دەرەوە دادەنیشـن (المقیمین) مـافی بەشـداربوونیـان لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان-عێراقدا هەیە.
٣٧- دەنگدانی تەواوكەر بۆ ئەندامێتی پەرلەمان بەپێی ئەو پرەنسیپانەی كە دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتوون لە هەموو بەشەكانی عێراق دوای نەمانی كۆسپ و تەگەرە دەكرێت، كە ئێستا ناتوانرێ هەڵبژاردنیان تیابكرێت.
٣٨- پرۆسـەی دەنگدانی كارمەندانی هێزەكانی ئاسـایش و ناوخۆ پاسـەوانی هەرێم (پێشـمەرگە) و سـوپا و كارمەندانی نەخۆشـخانەكان و چاكسـازییەكان و نەخۆشـەكان و بەندكراوەكان، لەبنكەكانی دەنگدانی تایبەت دەسـتەی كۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەكان

بنکەکانی دەنگدان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو هێزی پێشمەرگە و سەرجەم پرسە پەیوەندیدارەکانی تر لە دوو توێی (٦٦) مادده رێکخراون، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا (٧) [٣٩]جار هەموارکراوەتەوە.

**دەروازەی دووەم: یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراو.**

بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی هەموارکراو، بەپێی ماددەی دووەم هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی دەبێت کە لە دەنگدانێکی گشتی و نهێنیدا بەپێی سیستمی زۆرینە سادە هەڵدەبژێردرێت[٤٠]، کە مەرجە تەمەنی کاندید لە (٤٠) [٤١] ساڵ کەمتر نەبێت هەمان مەرجی کاندیدی پەرلەمانی تێدابێت، بەپێی ماددەی سێیەم ماوەی سەرۆکایەتی بۆ چوار ساڵە[٤٢]، دەکرێت بۆ خولێکی تریش هەڵبژێردرێتەوە، هەڵبژاردنی سەرۆک چوار ساڵ جارێك لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدەدرێت، کۆی یاساکە لە دووتوێی (٢٠) مادده دەقنوس کراوە، تا ئێستا (٣) جار هەموارکراوەتەوە.

**دەروازەی سێیەم: یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان**

بەپێی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پێکهاتە و پەیکەر و ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگار، دەسەڵاتی ئەنجومەنی قەزا و قائیمقام، دەسەڵات و ئەرکی ئەنجومەنی ناحیە و بەڕێوەبەری ناحیە دیاریکراوە، بەپێی ماددەی(٤) [٤٣]هەر پارێزگایەک ئەنجومەنێکی دەبێت کە لەرێگەی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆوە دەبێت، لە(٢٥) ئەندام پێکدێت، بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەسێک ئەندامێک زیاددەکرێت لەوانەی زیادەبن لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەس بە پێی نوێترین

---

بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تایبەتمەند دەستنیشاندەکات بەمەرجی بەر چل و هەشت کاتژمێر لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکرێ. بەپێی ماددەی (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای چوارەمی هەموارکردنی یاسای ژمارە(١)ی ئەم ماددەیە زیادکرا.

٣٩- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٤) یاسای هەموارکردنی یەکەم یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٩٨) یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی (٢٠٠٤) یاسای هەموارکردنی سێیەم یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

٤٠- هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق بەدەنگدانێکی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ، سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێت کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتیان دەکات.......)

٤١- ماددەی پێنجەم: مەرجی پاڵێوراو: ١- تەمەنی لەکاتی هەڵبژاردندا، لە (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت، ٢-هاووڵاتی و نیشتەجێی کوردستانی عێراق بێت، ٣- لەهەموو مافە سیاسی مەدەنییەکان بەهرەمەندبێت.

٤٢- ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ چوار ساڵە، دەشێ بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە.

٤٣- ئەنجومەنی پارێزگا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ پێکدەهێنرێ و لە (٢٥) ئەندام پێکدێت، بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەس، لەوانەی زیاد دەبن لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەس، ئەندامێکی دەخرێتە سەر بەپێی نوێترین سەرژمێری باوەڕپێکراو، بەمەرجێک لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەک بێت کەڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە (٣٠%)ی ژمارەی ئەندامانی کەمترنەبێ.
ماددەی شەشەم: ئەنجومەنی پارێزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن، لەیەکەم دانیشتنی ئەنجومەندا کە پارێزگار بانگەوازی بۆ دەکات لەماوەی پازدە ڕۆژ، لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و لەبارێکدا کە بانگەواز بۆ دانیشتنەکە نەکرا ئەوا ئەنجومەنەکە لە خۆیەوە کۆدەبێتەوە لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی شازدەیەم لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە و دانیشتنەکەش بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبێ.
ماددەی دوازدەیەم: بانگهێشتی بەڕێوەبەری ناحیە لەماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێ و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبەسترێ. ئەگەر پاڵێوراوەکە بەزۆرینەی پێویست سەرنەکەوت، ئەوا هەڵبژاردن لەنێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا دووبارەدەبێتەوە کە زۆرترین دەنگیانهێناوە، ئەوە دەبیاتەوە کەزۆرترین دەنگی زۆرینە بەدەست دێنێ.

ســـەرژمێری باوەڕپێکراو. بەپێی ماددەی (٨) [٤٤] هەر قەزایەک ئەنجومەنێکی دەبێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاســتەوخۆوە کە لە (٧) ئەندام پێکدێت ئەگەر ژمارەی دانیشــتوانی لە پەنجا هەزار کەمتربوو، بۆ هەر پەنجا هەزار کەسی زیاتر لە ڕادەی ناوبراو ئەندامێکی دێتە سەر.

بەپێی ماددەی (١١) [٤٥] ئەنجوومەنی ناحیەش لە هەڵبژاردنی گشت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەڵبژاردنی پاریزگا و قەزا بەڕێوەدەچێت کە لە (٥) ئەندام پێکدێت گەر ژمارەی دانیشــتوانی لە (٢٥٠٠٠) بیســت و پێنج هەزار کەمتر بێت، بۆ هەر (٢٥٠٠٠) بیســت و پێنج هەزار زیاتر لە ڕێژەی دیاریکراو ئەندامێکی بۆ زیاددەکرێت، بە پێی یاسای پارێزگاکان[٤٦]، پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە ئەندامی ئەنجومەنەکانیان بن و زۆرینەی دەنگی ئەندامانیشــیان بەدەســتبێنن،دوای ئەوەی یاســای پارێزگاکان بەرکار بوو ، یاســای ژمارە (٦) ی ســاڵی ١٩٩٣ یاســای شــارەوانییەکان بەهەمان شــێوە بەرکارە ئەمەش بوونی دوو ئەنجومەن دەســەلمێنێت. هەروەها یاسای پارێزگاکان لە دوو توێی (٤١) ماددەدا دەقنوس کراوە.

**دەروازەی چوارەم: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان:**

بە پێی یاســای ژمارە (٤) ی ســاڵی (٢٠٠٩) یاســای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پـاریزگـاو قەزاو نـاحیەکـان ڕێکخراوە، بەپێی مـاددەی (٦) [٤٧] کـار بە ســـیســـتمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بە پێ شــێوازی لیســتی نیمچەکراوە دەکرێت، خولی هەڵبژاردن بۆ چوار ســاڵە، تەمەنی دەنگدەر بە (١٨) ســـاڵ دیاریکراوە، مەرجە ئەوەی خۆی کاندیددەکات (٢٥) ســـاڵ تەمەنی بێت [٤٨]، بەپێی

---

٤٤- ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاســتەوخۆی گشــتییەوە دادەمەزرێ، پێکدێ لە (٧) حەوت ئەندام بۆ ئەو قەزایەی ژمارەی دانیشــتوانی لە(٥٠) هەزار کەس کەمترە، بۆ هەر (٥٠) پەنجا هەزار، کەســـی زیاد لە ڕادەی ناوبراو ئەندامێکیان دێتە ســـەر بە مەرجێک لیســتی پاڵێوراوان بە جۆرێک ڕێکبخرێ، کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (٣٠%)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.
ماددەی هەشتەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:
یەکەم: هەڵبژاردنی ســـەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا لە نێوان ئەندامانی بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لەیەکەم دانیشـــتنی ئەنجومەنی خۆجێیەتی، کە لەسەر بانگهێشتی قائیمقام لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژوی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبەسترێت و دانیشـــتنەکەش بەســـەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبێ و لەبارێکدا کەپاڵێوراوەکە بەزۆرینەی پێویســـت دەرنەچوو، دووبارە هەڵبژاردن لەنێوانی ئەو دوو پاڵێوراوەدا دەکرێ، کە زۆرینەی دەنگیان وەرگرتووە و کامەی زیاتر دەنگی وەرگرت ئەوە دەردەچێ.
ماددەی یازدەیەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە.
یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی ناحیە لەنێوان ئەندامانی بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لەیەکەم دانیشتنی، کەدەیبەستێ...
٤٥- ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە و لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاســتەوخۆی گیشــتیەوە دادەمەزرێ و لە (٥) ئەندام بۆ ئەو ناحیەیە پێکدێت، کە ژمارەی دانیشتوانی لە بیست و پێنج هەزار کەس کەمتر بێ، بۆ هەر (٢٥٠٠٠) هەزار کەسیش کە لەڕادەی دیاریکراو زیاتر بێ ئەندامێکی بۆ زیاددەکرێ. بەمەرجێ لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەک ڕێکبخرێ، کەڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە ئەنجومەنەکە مسۆگەربکات کە لە (٣٠%) ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.
٤٦- مادەی هەژدەیەم، دووەم: مەرجە پاڵێوراو بۆ پۆستی پارێزگار بەلایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ لە پاڵ ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە ئەندامی پارێزگادا بێتەدی.
ماددەی: بیست و سێیەم: دووەم: مەرجە قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە پاڵ مەرجی پێویست کە دەبێ لە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بێتەدی، قائیمقام خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بێت و بەڕێوەبەری ناحیەش بڕوانامەی زانکۆی لەیاسادا هەبێت.
٤٧- لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەگوێرەی لیستی نیمچەکراە پەیرەو دەکرێت
٤٨- ماددەی سێیەم: مەرجە دەنگدەر ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی.
یەکەم: بەڕەگەزنامە عێراقی بێت.
دووەم: شیاوی تەواوی هەبێت.
سێیەم: هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت.

ماددەی (٧) [٤٩] هەر قەوارەیەکی بەشــــدار دەتوانێت بەقەد دوو ئەوەندەی ژمارەی کاندیدانی بازنەی هەڵبژاردن کاندید پێشکەش بە کۆمسیۆن بکات بەمەبەستی راستاندنیان، هەروەها پەیێی ماددەی (٣٢) دووبارە کورسی کۆتای پێکهاتەکان رێکخراوە [٥٠]، وادەی دەنگدانی هێزە چەکدارەکان پێش وادەی دەنگدانی گشـــتی کراوە[٥١]. ئەرکی پاراستنی بنکەکانی دەنگدانیش خراوەتە سەر شانی وەزارەتی ناوخۆ بە پێی دەقی ماددەی سێ و چوار (پۆلیسی خۆجێیەتی لە وەزارەتی ناوخۆ کاری پاراستنی بنکەکانی هەڵبژاردن لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا لە ئەستۆدەگرێت. وادەی هەڵبژاردن بەپێی ماددەی سی و یەکەم بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەراوێژ لەگەڵ کۆمسیۆن دیاریدەکرێت[٥٢].

---

چوارەم: تەنها لەتۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدادەکرێت، تۆمارکرابێت بەگوێرەی حکومەکانی ئەم یاسایە و ئەو رێنماییانەی کەلە دەستەوە دەردەچن.

ماددەی پێنجەم: یەکەم: ئەوەی خۆی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنەکان دەپاڵێوێت دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت.

١- دەبێت عێراقی بێت و شیاویی تەواوی هەبێت و تەمەنی گەیشتبێتە (٢٥) ساڵ لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا.

٢- دەبێت پاڵێوراوانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی قەزاکان بەلایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەیان هەبێ و پاڵێوراوانی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان هەبێ.

٣- دەبێت ژیاننامە و ناوبانگ و ڕەوشتی باش بێت، بە تاوانێک یان کەتنێکی ئابڕووبەر حکومنەدرابێت.

٤- ڕۆڵەی یەکە ئیدارییەکە بێت و لەتۆماری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیشدا تۆمارکرابێت.

٥- نابێت لە کاتی خۆپاڵاوتنیدا لە کەسەکانی هێزی چەکدار یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت.

٦- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشابێت یا جێبەجێی کردبێت.

دووەم: پاڵێوراوەکان لەلایەن دەستەوە پەسەنددەکرێن.

[٤٩]- یەکەم: دەکرێت خۆ کاندیدبکرێت بۆ لیســتەکانی بەشــدار لە هەڵبژاردن بە چەشــنێک ژمارەی کاندیدەکان لە دوو هێندەی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخانکراون زیاتر نەبن.

[٥٠]- یەکەم: لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک دوو کورسی تەرخاندەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

دووەم: لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک یەک کورسی تەرخاندەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

سێیەم: لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەک کورسی تەرخاندەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

چوارەم: لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخاندەکرێت و پاڵێوراوانی پێکهاتەکانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

پێنچەم: دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەک پاڵێوراوانی پێکهاتەی خۆیان هەڵدەبژێرن .

[٥١]- ماددەی سی دووەم:

یەکەم : پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانە و بەندینخانەکان و ئەوانەی لێیان دابەزیوون، لە مەڵبەندی دەنگدانی تایبەتی بەڕێوەدەچێ، کە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەستنیشانیان دەکات، بەمەرجێک پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە جێبەجێبکرێت.

دووەم: دەنگی تایبەت وئەمانە دەگرێتەوە:

١- سەربازان لە کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ، تێکڕای دەزگاکانی دیکەی ئەمنی، شێوەی دەنگدانیشیان بە گوێرەی رێککاری تایبەت دەبێت کە دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت و تێیدا پشت بەو لیستە فەرمییانە دەبەستێت کە ناو و شوێنیان تێدایە و لایەنانەی سەرەوەش پەیوەستدەبن بە پێشکەشکردنی لە ماوەیەکدا، کە کەمترنەبێت لە (٦٠) شەست ڕۆژ بەر لە وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و بەگوێرەی ئەوەش ناویان لە تۆماری دەنگدەران دەسڕدرێتەوە ڕۆژی دەنگدانی گشتیش مافی دەنگدانیان نابێت.

٢- بەندی و گیراو و دەستبەسەران بۆ دەنگدانیان پشت بە رێککارێک دەبەسترێت، کە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت و بە گوێرەی ئەو لیستانەی کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆ لە ماوەیەکدا پێشکەشیدەکەن، کە لە (٣٠) سی ڕۆژ کەمتر نەبێت لەڕۆژی دەنگدانەوە.

٣/ ئەو نەخوشانەی لە نەخوشخانە و تیمارخانەکانی دیکەدا خەوتوون بە گوێرەی ئەو لیستانە دەبێت کە ئەم لایەنانە پێش دەستکردن بە دەنگدان پێشکەشیدەکەن و بە پێی ئەو رێککارانەش کە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت.

[٥٢]- یەکەم: وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە راوێژ لەگەڵ دەستە دیاریدەکرێت، لە دەزگا هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندنیشدا بە(٩٠) نەوەد ڕۆژ بەر لە وادەی دیاریکراو بۆ بەڕێوەچوونی، رادەگەیەندرێت.

**دەروازەی پێنجەم: یاساکانی تایبەت بە راپرسییە گشتیەکان:**

لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا هیچ راپرسییەک ئەنجامنەدراوە، تەنها یاسای پەسەندکردنی دەستور یاسای ژمارە (١٦) [٥٣]ی ساڵی (٢٠٠٨) لە لایەن پەرلەمانی کوردستان دەرچوێنرا، بەڵام دەستور نەخراوەتە راپرسی، بەدەر لەوەی لەماددەی (٥٦) پەرلەمانی کوردستان مافی بڕیاردانی هەیە بەناوی گەلی کوردستان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانی بۆ هەر پرسێکی چارەنوسساز بگەڕێتەوە بۆ رای میللەت هەموو راپرسییەکیش پێویستی بە یاسای تایبەت هەیە.

**دەروازەی شەشەم: یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق:**

بەپێی ماددەی یەکەم[٥٤] لە یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم (١%) بودجەی هەرێم تەرخاندەکات بۆ حزبە مۆڵەت پێدراوەکان، کە بەهای کورسی کردۆتە بنەما، بە ڕەچاوکردنی ژمارەی کورسی لە دوو خولی پەرلەمان و بەشداری لە شۆڕشی رزگاریخوازی کورد بە پێی ئالیەتێک ساڵانە دەیدات بە حزبەکان، هەروەها بەپێی ماددەی چوارەم[٥٥] بە پێی سیستمی ژمێریاری کارپێکراو لە هەرێمدا وردبینی بۆ بودجەی حزبەکان ئەنجامدەدرێت.

**دەروازەی حەوتەم: یاسای حزبەکان:**

بە پێی یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی (١٩٩٣) یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان، هەموو هاوڵاتیان ئازادن لە بوون بە ئەندام و وازهێنان لە کاری حزبی، حزبەکان بۆیان هەیە بە ئازادی مومارەسەی کاری

---

٥٣- یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) لەگەڵ هەموارکردنەکانی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان.

٥٤- ماددەی دووەم:

بودجەی تەرخانکراو بۆ حزبە سیاسییە مۆڵەتپێدراوەکان بریتیدەبێت لە (١%) لە سەدا یەکی بودجەی گشتی هەرێمی کەردستان، بەمپێوەرانە دابەشدەکرێت.

یەکەم: کورسی پەرلەمان دەکرێتە بنەما، بەهای هەر کورسییەک مانگانە (٠،٠٠٠٣٧٥%)ی بودجەی گشتییە.

دووەم: ژمارەی کورسییەکانی دوایین دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ هەر حزبێک کۆ دەکرێتەوە، هەر حزبێکی کوردستانی لە یەکەم خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە کورسییەکی بۆ کۆی ژمارەی کورسییەکانی زیاددەکرێت، بە مەرجێک لە هەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکانی لە (٤) چوار کورسی کەمتر نەبێ.

سێیەم: هەر حزبێک بەشداری هەڵبژاردنی خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت و کورسیی بە دەستنەهێنابێ، بەڵام رێژەی (٤٠%) لە سەدا چل یان زیاتری دەنگی پێویست بۆ کورسی بە دەستهێنابێ ،بەهای دوو کورسی بۆ هەژماردەکرێت.

چوارەم: هەر حزبێک بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی کردبێت و کورسیی بە دەستنەهێنابێ، بەڵام رێژەی (٢٠%-٣٩%)ی دەنگی پێویست بۆ کورسی بە دەستهێنابێ، بەهای یەک کورسیی بۆ هەژماردەکرێت.

پێنجەم: هەر حزبێکی بەشدار بوو لە خەباتی رزگاری خوازی کوردستان بەهەمان ناو کە خاوەنی یەک کورسیی بێت لە خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستاندا دوای کۆ کردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی لە خولی پێشوو، بەهای دوو کورسی بۆ هەژماردەکرێت.

شەشەم: هەر حزبێک پێش راپەڕین بەشداریی خەباتی رزگاریخوازی کوردستانی کردبێت و لە خولی بەردەوامی پەرلەماندا کورسی هەبێت، نابێت لە(٠،٠٠١٨٥%)ی بودجەی گشتی کەمتر وەربگرێت.

حەوتەم: هەر حزبێک یان قەوارەیەکی سیاسی، کە خاوەنی کورسیی کۆتای خولی بەردەوامی پەرلەمانە، ئەوا بەهای ئەو کورسییەی مانگانە (٠،٠٠٠٥%)ی بوجەی گشتییە بەدەر لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

٥٥- بەپەپێی سیستمی ژمێریاریی کارپێکراو لە هەرێمدا وردبینی بودجەی حزبەکان ئەنجامدەدرێت، دەکەوێتە ژێر چاودێری دارایی.

ڕێکخراوەیی خۆیان بکەن[٥٦]، بۆ پێکهێنانی حزبیش بەپێی ماددەی شـــەشـــەم[٥٧] مەرجە نوســـراوێک بدەن بە وەزیری ناوخۆ بە ئیمزای (٥٠) ئەندام کەمتر نەبێت، کە خوێندن و نوسـین بزانن و تەمەنیان لە (٢٥) سـاڵ کەمترنەبێت، بۆ هاووڵاتی و دۆســـتیش ژمارەیان لە (٥٠٠) هاووڵاتی کەمتر نەبێت زۆرینەیان خوێندن و نوسین بزانن و تەمەنیان لە سەرووی (١٨) ساڵ بێت و حوکمنەدرابن بە تاوانی ئابڕوبەر، کاروباری بودجەی حزبەکان و پەیوەندی حزبەکان و پابەندبوونی حزبەکان لە یاســاکەدا بە هەند وەرگیراوە، بە پێی ماددەی (١٥) [٥٨] نابێ قەوارە سیاسییەکان خاوەنی هێزی چەکداربن، بەپێی ماددەی حەوتەم[٥٩] ڕێککاری تۆمارکردنی حزب،

---

٥٦-ماددەی یەکەم:
حزب ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەویە و لەیەکگرتنێکی ئیختیاری پێکدێت لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکی سروشتیدا، کە چەند بیرو باوەڕ و ئامانجێکی هاوبەشی ڕاگەنراو لە پڕۆگرامی حزبدا کۆیاندەکاتەوە و هەوڵدەدەن بەڕێوشوێنی دیموکراتییانە بەدییانبهێنن.
ماددەی دووەم:
١- هەر هاووڵاتییەک لەهاووڵاتییانی هەرێمی کوردســـتانی عێراق و دانیشـــتوانی هەمیشـــەیی ئەم هەرێمە، ئەوانەی کەمەرجەکانیان تێدا فەراهەمە مافی بەشداربوونی دامەزراندنی حزب گەلیان هەیە.
٢- هەر هاووڵاتییەک لە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانی – عێراق، یا هەر کەسێک نیشتەوڵاتی (اقامە) یا هەمیشەیی تیدا هەبێت (١٨)ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت لێهاتوویی یاســای هەبێت (الاهلیە القانونیە) مافی چونەناو هەر حزبێک و لێکشـــانەوەی بەپێی پەیڕەوەی ناوخۆکەی هەیە.
ماددەی سێیەم:
سەربەستی دامەزراندنی حزبەکان مسۆگەرە، هەر حزبێک بۆی هەیە بەتەواوی بەسەربەستیەوە چالاکی خۆی بنوێنێت ئەم یاسایە پارێزگاری لەوە دەکات.
٥٧- بۆ دامەزراندنی حزب و چالاکی نواندن مەرجە.
١- داواکارییەکی نووســـراو دەدرێت بەوەزیری ناوخۆ کە ئەندامانی دامەزرێنەر واژۆیان کردبێ، لە (٥٠) ئەندام کەمتر نەبن و خوێندنەوەو نووسین بەتەواوی و بەباشی بزانن و تەمەنیان لە (٢٥) ساڵ کەمترنەبێ، هاوڵاتیانی دۆستیش کە ژمارەیان لە (٥٠٠) هاوڵاتی کەمتر نەبێت زۆرینەیان خوێندنەوە و نووسـین بەباشـی بزانن و تەمەنیان لە (١٨)کەمتر نەبێت، ئەندام و دۆسـتیش نابێ بەتاوانێک یان کەتنێکی ئابڕوبەر حوکم درابن، ناشبێ لە تاوانگەلێکدا بەشدار بووبن کەدەسەڵاتی سەرکوتکار پیلانی لەکوردستاندا بۆ دانابێ. یان ئەنجامی دابێ، پێویستیشە ئەهلییەتی یاساییشی هەبێ و لەگەڵ داواکردنی دامەزراندنەکەدا بەرنامەی حزبەکە و پەیڕەوی ناوخۆشی پێوەبێ.
٢- داخوازییەکەی برگە (١)ی سەرەوە ناو و لەقەب تەمەن پیشەو شوێنی نیشتەجێی هەر ئەندامێکی دامەزرێنەری و هەر دۆستێکیشی تێدابێ لەگەڵ ناوی حزبەکە کە نابێ وەک ناوی هیچ حزبێکی تر بێ.
٣- دەستەی دامەزرێنەر پێویستە هاووڵاتیگەلێکی تێدابێ بە نیشتیمانپەروەر ناسراو بن، لەکوردستاندا بەشدارییەکی ئاشکرایان لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا هەبووبێت، قەناعەتێکی وەهای لێبەدیبێ، کە ئەوانەی دەیانەوێت بەدڵ هاوبەشـی لەفەرمانی نیشـتمانیدا بکەن و هاوبەشبوونی هاوڵاتیانیش لەژیانی سیاسی هەرێمدا لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیی تایبەتیدا ڕێکبخەن، تێبینی جۆراو جۆری جوگرافی و نیشتەجێبوون و کاری دامەزرێنەران و دۆستەکانیش دەکرێ.
٥٨- حزب پابەندی ئەم کارانە دەبێت:
١- نەبزکردنی ئیرهاب بەهەموو شێوەکانییەوە.
٢- ڕێزگرتن لەیاساکان و پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری.
٣- دامودەزگا سەربازی و شێوە سەربازی نەبێ و لێی قەدەغەیە چەکی بەپێچەوانەی یاساوە هەبێ.
٤- نەنواندنی چالاکییەک کەپێچەوانەی بەرنامە ڕاگەیەنراوەکەی بێ.
٥- ڕێزگرتن لەسیستمی گشتی دابونەریتی گشتی.
٥٩- ١- پێویستە وەزیری ناوخۆ لەوە دڵنیابێت، کەداواکاری دامەزراندنەکە ئەو مەرجانەی بەجێهێناوە، کە دەقەکانیان لەماددەی شەشەمی ئەم یاســـایەدا هاتووە، لەماوەی (٩٠) ڕۆژدا، کە لە ڕۆژی فەراهەمبوونی مەرجەکانی داواکاری دامەزراندنەکەوە دەســـتپێدەکات داواکارییەکە هەواڵەی ئەنجومەنی وەزیران بکات.
٢- ئەگەر داخوازییەکە مەرجە یاســـاییەکانی تێدانەبوو، دەبێت وەزیری ناوخۆ داخوازیەکەی لەو ماوە دیاریکراوەی بڕگە (١)ی ســـەرەوەدا بگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەران، بۆ تەواو کردنی کەموکوڕییەکانی، لەگشت حاڵێکدا نابێت داخوازیەکەی لەیەکجار زیاتر بگەڕێندرێتەوە.
٣- ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی (٩٠) ڕۆژدا، لەڕۆژی تۆمارکردنی داخوازیەکەیەوە لەلای، پەســـەندکردن یا بەرەتکردنەوە بڕیاردەدا، بەمەرجێ لەحاڵەتی ڕەتکردنەوەدا هۆیەکانی لە بڕیارەکەدا هەبن.
٤- لەحاڵەتێکدا داواکارییەکە لەو ماوەیەدا کە لە بڕگەی (٣)ی ســـەرەوەی ئەم ماددەیەدا دیاریکراوە نەبڕێندرایەوە و ماوەکەش بەســـەرچوو، ئەوا دەســـتەکە بۆی هەیە داواکارییەک یەکســـەر پێشـــکەش بەئەنجومەنی وەزیران بکات، خۆ ئەگەر هاتو ماوەیەکی هاوتای ئەو ماوەیەی لەبڕگەی (١)ی ماددەکەی سـەرەوەدا هاتووە تێپەڕی و داواکارییەکە نەبڕێندرایەوە ، ئەوە لەم بارەدا داواکارییەکە بەحوکمی یاسا بەقبوڵکراو دادەنرێت.
٥- وەزیری ناوخۆ بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بەئەندامە دامەزرێنەرەکان ڕادەگەیێنێ.
٦- دامەزرێنەران بۆیان هەیە لەماوەی (٣٠)ڕۆژدا، لەو ڕۆژەی بڕیاری ڕەتکردنەوە یان پێڕادەگەیەنرێ، ناڕەزایی لەســـەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بەرەتکردنەوە لەلای دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی - عێراق دەربڕن و بڕیاری دادگا بنبڕ (بتات) دەبێ.

مۆڵەتدان بە قەوارە سیاسییەکان، لە دەست وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیراندایە، وەزیری ناوخۆش لەماوەی (٩٠) رۆژ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کاری پێویست ئەنجامدەدات، لەمادەی(١٧) [٦٠]دا هاتووە کە وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت داوای لێسەندنەوەی مۆڵەت لە حزبێک لە حزبەکان بکات لە بەردەم دادگا.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

پاش تاتوێکردنی یاسا پەیوەندیدارەکانی بواری هەڵبژاردن، پشتبەستوو بە ئەزموونی رابردووی توێژەر لە بواری هەڵبژاردندا لە خوارەوە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بە کورتی پوختی و دەخەینەڕوو:

**دەروازەی یەکەم: یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٤).**

١- بەوردبوونەوە لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) و دەستوری ئیتتحادی و دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی ئیتتحادی، هەرێمی کوردستان لە دەرکردنی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، متمانەدان بە ئەنجومەنەکەی، دەسەڵاتە یاسایی و دەستورییەکانی خۆی بەکارهێناوە، کە دەستور داویەتی بە هەرێم، دەستە سەربەخۆکان ناکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی ئیتتحادی، کۆمسیۆنی کوردستانیش لە لەساڵی (١٩٩٢) موە بوونی هەبووە، ئەگەر دوای خولی یەکەم کارا نەبووبێت، کارەکانی وەستێنرابن، ئەوا لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان بوونی هەبووە، دەستووری ئیتتحادیش دان بە هەموو ئەو یاسایانە دەنێت کە پێش پەسەندکردنی دەستور لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراون، لە ماددەی (١٤١) ی دەستووردا هاتووە (کارکردن بەردەوام دەبێت بەو یاسایانەی کە لە ساڵی (١٩٩٢) لە هەرێمی کوردستان دانراون).

٢- ئەگەر چی بە پێی سیستەمی سیاسی و کارگێری دامەزراوەکانی دەوڵەت بەدەرنین لە چورچێوەی دەسەڵاتەکانی (جێبەجێکردن ، و یاسادانان ، ودادوەری ) بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئاراستەکان بەرەو ئەوە هەنگاو ئەنین کە بەشێک لە دامەزراوەکان لەبەر گرنگی و هەستیاریان لە دەرەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە شوێنیان بۆ کراوەتەوە لە دەستوری عێراقیش بە راشکاوی لە مادەی (١٠٢) باس لە دەستە سەربەخۆکان ئەکات بۆیە لە هەرێمی کوردستانیش گەر چی تا ئێستا خاوەن دەستورنییە، بەڵام بۆ پاراستنی سەربەخۆی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەمان هەنگاوەکانی حکومەتی ئیتتحادی پێرەو کراون ، بۆیە لەرووی کارگێرییەوە

٦٠- ١- دەشێ بەبڕیارێکی دادگایی کە لە دادگای پەیوەندیدارەوە دەرچووبێ، حزب هەڵبوەشێنرێتەوە بەداوایەک کە وەزارەتی ناوخۆ لەسەری کردبێتییەوە لەسەر سەرپێچیکردنی حوکمێ لەحوکمەکانی ئەم یاسایە یان دوای تێپەڕبوونی (٦)شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حزبەکەدا بەبێ ئەوەی ئەو چالاکییانەی خۆی بخاتەکار کە دەقەکانیان لەپەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە یان بەبێ هۆکاری بەجێ لەو ماوەیەدا لەچالاکی خۆی بکەوێ.
٢. بڕیاری دادگا ملکەچی تانووتلێدانی پێداچونەوە دەبێت، لەلای دەستەی گشتی پێداچونەوەی هەرێمی کوردستانی – عێراق، لەماوەی (٣١) ڕۆژدا، لەڕۆژی پێراگەیاندنی بڕیاری هەڵوەشانەوەکە و بڕیاری دادگای پێداچوونەوە بنبڕ (بتات)دەبێت.

کۆمسیۆن دەسـەڵاتی پەسـەندکردنی هەیکەلیەت و پەیڕەوی ناوخۆو دامەزراندی پلە باڵا و فەرمانبەرانی هەیە، ئەمەش خاڵیکی ئەرێنییە لە یاساکەدا.

٣- بەسـەرنجدان لە یاسـای کۆمسیۆنـی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەردەکەوێت، بەوردی باس لە تۆمـاری دەنگدەران نەکراوە، لە هەمـانکـاتـدا بـاس لەو داتـا فەرمییە نەکراوە کۆمســـیۆن لە ئـامـادەکردن و نوێکردنەوەی تۆمـاری دەنگدەران پشـــتی پێببەســـتێت، بۆ ئەوەی جێگەی قبووڵ بێت لە لایەن قەوارەکـان، کەمترین کات و تێچوونی بوێت.

٤- لەیاسـای کۆمسـیۆندا پێگری لەسـەر سـەربەخۆی کۆمسـیۆنی هەڵبژاردن و راپرسـی دەکاتەوە، بەڵام لە ئامادەکردنی بودجە کۆمسیۆن پابەندکراوە راوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی بکات و بینێرێت بۆ پەرلەمان ئەمەش بەڵگەی پـابەنـدکردنی کۆمســـیۆنە بە دەســـەڵاتی جێبەجێکردن، بە رایی توێژەر بە پێی بنەمـا نێودەوڵەتییەکان کۆمسـیۆن سـەربەخۆ نییە، بەڵکو کراوە بە پاشـکۆی حکومەت، دەسـەڵاتی جێبەجێکردنیش دەتوانێت بە پێی بەرژەوەندی باڵادەسـتی خۆی کۆمسـیۆن بەکاردەهێنێت، بۆ هەر پڕۆسـەیەکی هەڵبژاردنیش کۆمسـیۆن دەبێت بودجەی خەملێنراو بدات بە وەزارەتی دارایی.

٥- کۆمســـیۆنی باڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرســـی تاکە دەســـەڵاتی تایبەتمەندە لە رێکخســـتن و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و راپرسییەگشتییەکان لەسەر ئاستی تەواوی کوردستان.

٦- مافی یەکلاییکردنەوەی ســکاڵا بۆ ئەنجوومەنی کۆمسـیاران دەسـتەبەرکراوە، تانەدانیش لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن لە دەسەڵاتی دادگای تایبەتمەندە، کە بەپێی بڕگەی چوارەم لەماددەی نۆیەم (لەدادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی دادوەری پێکدێت لە سێ دادوەری تەرخاننەکراو، بۆ ئەوەی چاو بەو تانەلێدانانە بخشـێنێتەوە کە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن دەگیرێن لەلایەن ئەوانەی کە ڕاسـتەوخۆ لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن زەرەمەند دەبن)

٧- لە یاسـای کۆمسیۆنـی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیدا، ماوەی سەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەن لە لایەن سەرۆک جێگرەکەی بۆ ماوەی (٥) ساڵە، بۆ کارگێڕی هەڵبژاردنیش بە هەمانشێوە، ئەم دابەشکارییە لە بەرژەوەندی قەوارەکان دەقۆزرێتەوە، کاریگەری زۆر لەسـەر سـەربەخۆیی کۆمسـیۆن دروسـتدەکات، لە هەمـانکـاتدا دوور و نزیـک بـاس لە چۆنیەتی لادانی ســـەرۆک و جێگر و بڕیاردەر و ســـەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن نـەکراوە.

٨- لەیاسـای کۆمسیۆن باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیدا، پرسی راگەیاندنی وادەی هەڵبژاردنەکان بە بڕاوەیی نەدراوتە کۆمسیۆن، کە بێئەوەی چاوەڕێی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، بە پێی بنەمایی خولاو خولی ئامادەکاری بۆ پڕۆسەکانی هەڵبژاردن بکات.

٩- لەیاسای کۆمسیۆندا هاتووە لەماوەی (٧٢) کاژێر ئەنجامە بەراییەکان رابگەینرێن، بە پێی ئەوەی حساب بۆ شـیوازی نیمچەکراوە و ژمارەی بێشـوماری کاندیدان بکرێت، ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر هەرسـێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیە، لەهەمان کاتدا هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی بە یەکەوە بکرێن.

١٠- ئەنجوومەن مافی پێشـــنیارکردنی پڕۆژە یاســـای پەیوەندیدار بە هەڵبژاردن و راپرســـیەکانی هەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

١١- رەچاوکردنی رێژەی پێکهاتەکان لە یاسای کۆمسیۆن تاڕادەیەک ناڕوونە، لە ئامادەکردنی ئەم یاسایەش یاسـادانەری کوردسـتان، کۆپی یاسـای کۆمسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنی ئیتتحادی کردوە، کە بە رای توێژەر جیاوازی زۆر لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتتحادیدا هەیە.

**دەروازەی دووەم: یاســـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارە (١) ی پەرلەمانی کوردســـتان لەگەڵ هەموارکردنەکانی:**

١- یاســـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان تا ئێسـتا بۆ (٧) جار هەموارکراوە کە بە بۆچوونی توێژەر دەکرێت ئەم یاسایە لە کاربخرێت یاسایەکی تر لە شوێنی دەربکرێت ،ئەو یاسایە دوو یاسای لە خۆ کۆکردۆتەوە (یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، یاسای پەرلەمانی کوردستان.

٢- بە پێی یاســـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان (١١١) ئەندامە. وە دەکرێت لەدەســـتوری هەرێمی کوردســـتان ، پرســـی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان بەراشـــاوی باســـی لێوە بکرێت.هەروەها لەیاســـای پەرلەمانی کوردســـتان (١١) کورســـی بۆ پێکهاتەکان تەرخانکراوە، بەپێی بنەمای پاراستنی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام دوور و نزیک باس لە جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان نەکراوە، هەروەها هیچ ئاماژەیەک بوونی نییە لەوەی کە تەنها دەنگدەرانی پێکهاتەکان خۆیان دەتوانن دەنگ بە پێکهاتەکان خۆیان بدەن.

٣- لەیاسا نوێیەکەدا، بە هەمانشێوە، کار بەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی بکرێت، لە دابەشکاری دەنگەکان و سیستمەکە یاسادانەری کوردستان زۆر سەرکەوتوو بووە لەوەی سیستمی رێژەیی هەڵبژاردووە، چونکە تا ئەم ساتە باشترین سیستمە بۆ هەرێمی کوردستان، کە لەگەڵ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بێتەوە، بەڵام بەرای توێژەر پەیڕەوکردنی شێوازی لیستی نیمچەکراوە (کراوەی سنوردار) ، ئامانجی خۆی نەپێکا لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، چونکە سیستمی هەڵبژاردن کاریگەری زۆر لەسەر کۆی پڕۆسەی سیاسی دروستدەکات بە هەردوو لایەنی نەرینی و ئەرێنی، ئاستی هۆشیاری و سەروەری یاسا و سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆڵ دەبینن لە گرتنەخۆی لایەنە باشەکانی ئەم شێوازە، پێچەوانەکەشی راستە گەر هەر کۆمەڵگایەک ئامادەنەبێت بۆ پەیڕەوکردنی ئەم شـێوازە کاریگەری نەرێنی زۆر دروسـتدەکات، چونکە حزب رۆڵی هەردەمێنێت، شـانبەشـانی ئەمەش کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگای خێڵەکی و عەشـرەتگەری و ناوچەگەری دەبات، پەرلەمانیش لە کەسانی پڕ لە ئەزموون بێبەشدەکات، هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەو راستییەیان سەلماند، هەروەها ئەوەی هەســـتی پێکرا لە لایەن دەنگدەری هەرێم ئەوەبوو، ئەوان دەنگدەدەن بە حزبەکان، واتە بە دەگمەن کاندیدێک دەیتوانی دەرچێت ئەگەر لەناو لیستی قەوارەکاندا نەبێت.

٤- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، مافی داوە بە قەوارەکان بەقەد ئەوەندەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان کاندید پێشکەش بە کۆمسیۆن بکەن، بەو مەرجەی لە (٣) سێ پاڵێوراو کەمتر نەبێت، کۆمسیۆن راستاندنیان بۆ بکات، ئەم پرۆسەیە بە تەواوی سەری لە دەنگدەر و کۆمسیۆن شێواندوە، دەنگدەر لەو زۆروبۆریە سەری لێتێکچوە، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش لە جیاکردنەوە و ئەژمارکردنی دەنگەکان کاتێکی زۆری دەوێت، رۆژانی پێشوو ئەوەیان سەلماند کە ئەمە چ کارێکی قورس و تاقەت پڕوکێنە، لەکۆتایدا حزبەکانیش کەوتنە خۆیان لانیکەم بتوانن بەشێک لەو کاندیدانە سەرخەن کە خۆیان دەیانەوێت، کاندیدەکانیش کەوتنە تۆمەتبەخشینەوە بۆ قەوارەکانیان، لەهەمانکاتدا هیچ بەربەستێک لە بەردەم ریزبەندی کاندیدە دەرچوەکاندا نەبوو، هەر کاندیدێک کۆڵکەی هاوبەشی هەڵبژاردن نەهێنێت، کار بە ریزبەندی قەوارەکە بکرێت، کە دراو بە کۆمسیۆن، چونکە پەیرەوکردنی شێوازی لیستی نیمچەکراوە (کراوەی سنوردار) لەسەر ئاستی یەک بازنەی هەڵبژاردن کاریگەری زۆری دروستکردووە لە نوێنەرایەتی جوگرافی قەوارەکان و دەنگدەران.

٥- بەسەرنجدان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، جاڕدانی وادەی هەڵبژاردن لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە لە کاتیی ئاساییدا، بەڵام ئەمەش کارێکە لە بەرژەوەندی پرۆسەی سیاسیدا نییە، ناکۆکیشە لەگەڵ یاسای کۆمسیۆن وەک لە بڕگەی سێیەمی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٤) یساڵی (٢٠١٤) ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیدا هاتووە و جەخت لە بنەمای خولاوخولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکاتەوە.

٦- لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان داتای فەرمی بوونی نییە، کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران پشتی پێببەستێت.

٧- پەیرەوکردنی لیستی نیمچەکراوە لەسەر ئاستی یەک بازنەی هەڵبژاردن، کاریگەرییەکی زۆری دروستکرد لە بێبەشکردنی نوێنەری پارێزگاکانی تر، چونکە پێگەی حزبەکان لەهەر پارێزگایەکدا کاریگەری زۆری دروستکرد لەسەر ژمارەی کاندیدانی هەر پارێزگایەک لە پەرلەماندا ،چونکە دابەشکردنی وولات بۆ چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردن ئەرکی دەنگدەر لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکەی ئاسان دەکات ، بە پێچەوانەوە سیستەمی یەک بازنەی هەڵبژاردن ، ئەرکی دەنگدەر قورس دەکات بە هۆی ئەوەی دەنگدەر ناتوانێ پالێوراوەکان لە هەموو وولات بناسێت. سەرەرای ئەوەش هەندێک وڵات بە یەک بازنەی هەڵبژاردنی وەرگرتوە ، وەک ئیسرائیل بۆ هەڵبژاردنی (١٢٠) نوێنەری کنێسێت ، هەروەها پورتوگالێش بە گوێرەی دەستوری ساڵی ١٩٣٣ وڵاتی کرد بە یەک بازنەی هەڵبژاردن ، هەروەها ئیتالیاش بە گوێرەی یاسای (١٧) ی مایۆی ١٩٢٨ بە یەک بازنەی وەرگرتبوو تا ساڵی ١٩٣٨هەموار کرا ئێستا پێرەوی سیستەمی فرە بازنەیی دەکرێت.

٨- لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆن پابەندنەکراوە بە جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزەچەکدارەکان.

٩- لەیاسای پەرلەمانی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەندنەکراون داتایەکی فەرمی رەوەندی کوردی بدات بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، رەچاوکردنی باری ئابووری و قورسی پرسی دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات نەکراوە.

١٠- لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارەی کورسی بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنی پەرلەمان دیارینەکراوە، مەرجی فراکسیۆن بە چەند کورسییەوە بەستراوەتەوە.

١١- لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەراشکاوی باس لە بێلایەن بوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەکراوە، بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە لەماوەی دەستپێکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا.

**دەروازەی سییەم: یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان:**

١- لەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، لە دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، باس لە نوێترین سەرژمێری دەکات، بەڵام روونییە ئەم سەرژمێرییە فەرمییە چۆن و کێ بریاری لەسەر دەدات.

٢- بەپێی دەقی ماددەی (٤) ، ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان (٢٥) ئەندامە و بۆ هەر زیادەیەک لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەس، ئەندامێکی تر زیاددەکرێت، ئەم ژمارەیە زۆرە، هەستدەکرێت یاسادانەری کوردستان هەمان یاسای ئەنجومەنی پارێزگا رێکنەخراوەکانی لە هەرێمکدا هێناوە و کۆپیکردوە بۆ کوردستان.

٣-بۆ ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکانیش بە زیاد ئەندامیان بۆ دیارکراوە، کە دەبێتە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگاو حکومەت.

٤- هینانی یاسای پارێزگاکانی رێکنەخراو لەگەڵ هەرێمکداو کۆپیکردنی لە لایەن یاسادانەری کوردستان، ئاڵۆزیەکی دروستکردووە لە نێوان دەسەڵاتی وەزارەتەکان و ئەنجومەنەکان.

٥- پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە دەبێت لەناو ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان هەڵبژێردرێن، مەرجە ئەندامی ئەنجوومەن بن.

٦- ئەنجوومەنی پارێزگا ئەنجومەنەکانی شارەوانی بۆ یەکە کارگێریەکان بە پەیرەوێکی تایبەتی پێکدێنێ کە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی دەری دەکات ، هەروەها کاروباری شارەوانییەکان بە پێی یاسای ژمارەی شەشی ساڵی ١٩٩٣ رێکخراوە.

**دەروازەی چوارەم: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان:**

١- بەسەرنجدان لە سیستمی پەیرەوکراو لەگۆڕینی دەنگەکان بۆ کورسی، لە دابەشکاری دەنگە ماوەکاندا یاسادانەری کوردستان زۆر سەرکەوتووبووە لەوەی سیستمی رێژەیی تا ئەم ساتە باشترین سیستەمە بۆ هەرێمی کوردستان، کە لەگەڵ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێتەوە، بەڵام بەڕای توێژەر پەیرەوکردنی شێوازی لیستی نیمچە کراوە (کراوەی سنوردار) ، ئامانجی خۆی نەپێکا لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، چونکە سیستمی

هەڵبژاردن کاریگەری زۆر لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی دروستدەکات، بە هەردوو لایەنی نەرێنی و ئەرێنی، ئاستی هۆشیاری و سەروەری یاسا و سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینن لە گرتنەخۆی لایەن باشەکانی ئەم شێوازە، پێچەوانەکەشی ڕاستە گەر هەر کۆمەڵگایەک ئامادەنەبێت بۆ پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە کاریگەری نەرێنی زۆر دروستدەکات، چونکە حزب هەر ڕۆڵی دەمێنێت شانبەشانی ئەمەش کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگای خێڵەکی و عەشرەتگەری و ناوچەگەری دەبات، ئەنجوومەنەکانیش لە کەسانی پڕ ئەزموون بێبەشدەکات، هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەو ڕاستیەیان سەلماند، هەروەها ئەوەی هەستیپێکرا لە لایەن دەنگدەری هەرێم ئەوەبوو، ئەوان دەنگدەدەن بە حزبەکان، بە دەگمەن کاندیدێک دەیتوانی دەرچێت ئەگەر لەناو لیستی قەوارەکاندا نەبێت ،ئەمە لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ، هەرچی لە رووی هونەریەوەیە ئەوا وڵاتانەی کار بە لیستی نیمچەکراوە دەکەن وا باوە کە وولات بۆ کۆمەڵێک بازنەی بچوک دابەش دەکەن تا ئەو سیستەمە ئامانجی خۆی بپێکێ ، چونکە ئامانج لە لیستی نیمچەکراوە ئەوەییە کە دەنگدەر پالێوراوەکان بە باشی بناسێت تا هەلیان بسەنگێنێت و باشترینیان هەڵبژێرێت ئەوەش لە بازنەی بچوک روو دەدات ، بەڵام کاتێک وڵات دەکرێتە بە یەک بازنەی هەڵبژاردن ئەوا پەیوەندی نێوان دەنگدەرو پاڵێوراو تا رادەیەک دەبچرێت سەرنجام دەبێت لیستی نیمچەکراوە لە بازنەی بچوک پەیرەو بکرێت.

٢- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، مافی داوە بە قەوارەکان بەقەد دوو ئەوەندەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکان کاندید پێشکەش بە کۆمسیۆن بکات، کۆمسیۆن راستاندنیان بۆ بکات، ئەم پرۆسەیە بە تەواوی سەری لە دەنگدەر و کۆمسیۆن شێواندوە، دەنگدەر لەو زۆری و بۆریە سەرلێتێکچووە، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش لە جیاکردنەوە و ئەژمارکردنی دەنگەکان کاتێکی زۆری دەوێت، رۆژانی پێشوو ئەوەیان سەلماند، کە ئەمە چ کارێکی قورس و تاقەتپڕوکێنە، لەکۆتایدا حزبەکانیش کەوتنە خۆیان لانیکەم بتوانن بەشێک لەو کاندیدانە سەرخەن کە خۆیان دەیانەوێت، کاندیدەکانیش کەوتنە تۆمەتبەخشینەوە بۆ قەوارەکانیان، لەهەمانکاتدا هیچ بەربەستێک لە بەردەم ریزبەندی کاندیدە دەرچوەکاندا نەبوو، کە هەر کاندیدێک کۆڵکەی هاوبەشی هەڵبژاردن نەهێنێت، کار بە ریزبەندی قەوارەکە بکرێت کە دراو بە کۆمسیۆن.

٣- جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لەدەستی ئەنجومەنی وەزیران دایە، ئەمەش جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەگەر بڕیار لە بنەمای خولاوخولی دراوە، بۆ دوای کۆتایی وادەی هەڵبژاردن کۆمسیۆن دەسەڵاتی نەبێت جاری وادەی هەڵبژاردن بکات و ئامادەکاری بکات، بەمەش ئەم دەسەڵاتە حەسرە لە دەست ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بریارنەدات هەڵبژاردن ئەنجامنادرێت، ئەو دەسەڵاتەی دراوە بەکۆمسیۆن بە جاڕدانی وادەی هەڵبژاردن بە پێی یاسا کارپێکراوەکان هیچ گرنگییەکی نییە.

٤- لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا هاتووە دەبێت پارێزگار ئەندامی ئەنجوومەن بێت واتە لەهەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەن سەرکەوتوبێت، ئینجا بۆی هەیە خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی

پارێزگار، مەرجی داناوە دەرچووی زانکۆ بێت، لە کاتێکدا مەرجی کاندید بۆ ئەنجومەنی پارێزگا دەرچووی ئامادەییە.

٥- لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا هاتووە، دەبێت قائیمقام ئەندامی ئەنجوومەنی قەزابێت بێت واتە لەهەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی قەزا سەرکەوتبێت، ئینجا بۆی هەیە خۆی کاندیدبکات بۆ پۆستی قائیمقامی، مەرجی داناوە دەرچووی زانکۆ بێت لە کاتێکا مەرجی خۆکاندیدکردن بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی قەزا ئەوەیە دەرچووی ئامادەیی بێت.

٦- لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا هاتووە، دەبێت بەڕێوەبەری ناحیە ئەندامی ئەنجوومەنی ناحیە بێت، واتە لەهەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی ناحیە سەرکەوتبێت ئینجا بۆی هەیە خۆی کاندیدبکات بۆ پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە، مەرجی داناوە دەرچوی زانکۆ بەشی یاسا بێت، لە کاتێکا مەرجی خۆکاندیدکردن بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی ناحیە ئەوەیە دەرچووی بنەڕەتی بێت.

٧- لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان کورسی بۆ پێکهاتەکان تەرخانکراوە، بە پێی بنەمای پاراستنی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، دووپاتیکردۆتەوە دەنگدەرانی پێکهاتەکان دەنگ بۆ کاندیدی خۆیان دەدەن، بەڵام باس لە جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان نەکراوە.

٨- ئەرکی پاراستنی بنکەکانی دەنگدان بە وەزارەتی ناوخۆ سپێردراوە، بەڵام باس لەو رێوشوێنانە نەکراوە، کە دەبێت بگیرێنەبەر لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، سەبارەت بە بێلایەنی و دەستنەخستنە ناو پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە لایەن وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە گشتی.

**دەروازەی پێنجەم: یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:**

١- بەسەرنجدان لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان توێژەر بۆیدەرکەوت کە یەکەم هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٠٦) یاسای یەکەمی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق لە رۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە.

٢- سەبارەت بەدیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم روون و ئاشکرایە کە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدەدرێت، بە پشتبەستن بە بنەمای خولاوخولی کە لە خودی یاساکەدا هاتووە، بۆیە بە پشتبەستن بە بنەمای خولاو خولی ئەم پرسە روون نییە.

٣- لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە راشکاوی باس لەئاستی خوێندەواری کاندیدانی سەرۆکایەتی هەرێم نەکراوە.

٤- لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان باس لە تۆماری دەنگدەران نەکراوە.

٥-کاندیدی سەرۆکایەتی بەزۆرینەی سادە دەنگەکان بە براوە ئەژمار دەکرێت.

**دەروازەی شەشەم: یاسای حزبەکان لە هەرێمی کوردستان:**

١- لەگەڵ ئەوەی کە پرۆسەی حزبایەتی بەیاسایی کراوە و هاوڵاتیان ئازادن لە پەیوەندیکردن و وازهێنان لە حزبەکان. یاسای حزبەکان لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێنەکراوە، لێرەدا هەست بە بۆشایی پرۆسەی چاودێری دەکرێت بەسەر حزبەکان لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتیدا، چونکە لە یاسای حزبەکاندا هاتووە نابێ حزبەکان خاوەن هێزی چەکدار بن، بەڵام لە کوردستان ئەم پرسە لە چوارچێوەی یاسادا رێکخستنی بۆ نەکراوە.

٢- سەبارەت بە پرسی پەیوەندی حزبە سیاسیەکان لەگەڵ وڵاتان ئاماژەپێکراوە، کە نابێت حزبەکان پەیوەندییان بە دەوڵەتانەوە هەبێت، میکانزمی ئەم پرسە روون نییە، ئایا هەر بۆ حزبە (ناوەندی و بچوکەکان) نییە یان بۆ هەموو حزبەکان ئەم پرسەش کۆنترۆڵنەکراوە بە پێی یاسا.

٣-میزانییە و بودجە حزبەکان شەفاف نییە و لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی چاودێری داراییدا نییە، هەرچەندە لە یاسای حزبەکان پێداگری لەسەر کراوە، وەک لە بڕگەی (٣) ی ماددەی چواردەمدا هاتووە.

٤- رێکارەکانی مۆڵەتدان بەدەست وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی وەزیرانە.

٥-پرسی ئەنجامدانی کۆنگرەی حزبەکان بوونی نییە لە یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان.

٦- بەپێی ماددەی حەڤدەیەم وەزارەتی ناوخۆ بە داوایەک دەتوانێ داوای لێسەندنەوەی مۆڵەت لە حزبێک لە حزبەکان بکات دوای بڕیاری دادگا.

**دەروازەی حەوتەم: یاسای پێدانی بودجە بە حزبەکان.**

رێکخستن و بەیاساییکردنی کاروباری پێدانی بودجە بە حزبەکان خاڵێکی ئەرێنییە. لەدەقی یاسای حزبەکان ژمارەی کورسیەکان دیارینەکراوە بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنی حزب لە پەرلەمان و پێدانی کۆمەک. بەپێ یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم (١%) بودجەی هەرێم تەرخاندەکات بۆ حزبە مۆڵەتپێدراوەکان، بەرچاوکردنی ژمارەی کورسی لە دوو خولی پەرلەمان و بەشداری لە شۆڕشی رزگاریخوازی کورد بە پێی ئالیەتێک ساڵانە دەیدات بە حزبەکان، لە هەمانکاتدا بە پێی سیستمی ژمێریاری کارپێکراو لە هەرێمدا وردبینی بۆ بودجەی حزبەکان ئەنجامدەدرێت، لەیاسای پێدانی بودجە بە حزبەکان کارئاسانی زۆر کراوە لە پێدانی بودجە بە حزبەکان کە تا رادەیەک ئاڵۆزە.

**پێشنیار و راسپاردە:**

پاش خستنەڕووی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە خوارەوە پوختەی پێشنیار و راسپاردەکانمان دەخەینەڕوو، بە مەبەستی سودلێوەرگرتنی لە لایەن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان و حزبە سیاسییەکان، لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، تا بتوانن لە داهاتوودا بەشێوەیەکی گونجاوتر ئەم یاسایانە هەمواربکرێنەوە لە بەرژەوەندی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا.

**یەکەم: سەبارەت بەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)**

١- لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران کۆمسیۆن پابەندبکرێت بە داتایەکی فەرمی کە حکومەتی هەرێم بیدات بە کۆمسیۆن بەپێی یاسا، دەکرێت داتاکانی کارتی نیشتمانی بکرێتە بنەما و سودیان لێوەربگیرێت و کۆمسیۆن پابەندبکرێت بە دروستکردنی کارتی زیرەک، بودجەش بۆ ئەم پرۆژە ستراتیژییە تەرخانبکرێت، یاخود بەپێ یاسا هێزی ناچارکردنی هاوڵاتیان بدرێتە کۆمسیۆن کە پابەندیان بکات لە ماوەیەکی زەمەنی ساڵێکدا سەردانی بنکەکانی کۆمسیۆن بکات بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکانیان.

٢- برگەی یەکەم لە ماددەی (١٥) بەمشێوەی خوارەوە هەمواربکرێتەوە (کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی پرۆژە بودجەی خۆی دەنێرێتە پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی پەسەندکردنی، بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنیش کۆمسیۆن بودجەی خەمڵێنراو دەداتە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی پەسەندکردن و دابینکردنی.

٣- برگەی (آ) ی خاڵی چوارەمی یەکەم لە ماددەی (٥) ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، هەمواربکرێتەوە بەمشێوەی خوارەوە (ماوەی سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگری سەرۆک و بریاردەری ئەنجوومەن و سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن تەنها بۆیەک ساڵە و قابیلی نوێکردنەوە نییە) پرۆسەی دیاریکردنەکە بە تیروپشک ئەنجامدەدرێت.

٤- پرسی جاڕدانی هەڵبژاردن بە فەرمی بدرێتە کۆمسیۆن بە بێ گەڕانەوە و چاوەڕێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی و پەرلەمان لە حاڵەتی ئاسییدا، بە پێی بنەمای خولاوخولی کە لە یاساکانی هەڵبژاردن ئاماژەیانپێدراوە.

٥- لە پەیرەوکردنی شێوازی لیستی نیمچەکراوە و ژمارەی زۆری کاندیدان پرسی راگەیاندنی ئەنجامەکان پێداچونەوەی بۆ بکرێت.

٦- لەکاتی هەموارکردنەوەی یاسای کۆمسیۆندا، دەکرێت جۆری سەربەخۆی کۆمسیۆن پێداچونەوەی بۆ بکرێت.

٧- پرسی دانانی سێ دادوەری ناتەرخان لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بە روونتر ئاماژەی بۆ بکرێت.

٨- پرسی رێژەی پێکهاتەکان نا روونە بۆیە پێویستە یاسادانەر راشکاوەنەتر ئەم ماددەییە دابرێژێتەوە، چونکە ئەم مادده یاساییە کۆپی یاسای کۆمسیۆنی ئیتحادییە.

**دووەم: سەبارەت بە یاسای پەرلەمانی کوردستان:**

١- دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەم یاسایە تا ئێستا (٧) جار هەموارکراوەتەوە، دەکرێت یاسای پەرلەمان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان بە جیا دەربکرێن.

٢- لە دەرکردنی یاسایەکی نوێ یان هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی کارکردن بە سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی و بەکارهێنانی شێوازی لیستی داخراو پەیڕەوبکرێت.

٣- لە حاڵەتێکا پێداگیری لەسەر پەیڕەوکردنی شێوازی لیستی نیمچەکراوە (کراوەی سنوردار) کرا، بەڕای توێژەر باشتر وایە هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردن بێت.

٤- لە حاڵەتی پێداگری لە پەیڕەوکردنی شێوازی لیستی نیمچەکراوە (کراوەی سنوردار) ، رای توێژەر وایە کە هەر قەوارەیەک بۆی هەبێت بە قەد ژمارەی ئەندامانی بازنەی هەڵبژاردن کاندید پێشکەشبکات.

٥- جیاکردنەوەی تۆماری پێکهاتەکان و دەنگدەرانی پێکهاتەکان بۆیان هەبێت تەنها دەنگ بە نوێنەری پێکهاتەکانیان بدەن.

٦- کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەسەڵاتی جاڕدانی هەڵبژاردنی پێبدرێت بە بێ ئەوەی چاوەڕێی فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم بکات لە وادەی هەڵبژاردنەکاندا.

٧- لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان بە راشکاوی باس لە داتای فەرمی بکات، کە کۆمسیۆن پشتی پێببەستێت لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران.

٨- سەرژمێرییەکی گشتی بۆ رەوەندی کوردی بکرێت کە لەدەرەوەی هەرێمن، هەروەها بە ئالیەتێکی پێشکەوتوو پرۆسەی دەنگدانیان بۆ مسۆگەربکرێت، لەسەر بنەمای ژمارەی دەنگدەران بنکەیان بۆ بکرێتەوە، چونکە زۆر بە رەهایی کۆمسیۆن پابەندکراوە بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان بۆیان، هەروەها سڕینەوەیان لە تۆماری دەنگدەرانی گشتی.

٩- تۆماری دەنگدەرانی هێزە چەکدارەکان جیابکرێتەوە لە تۆماری دەنگدەران.

١٠- وەزیری ناوخۆ، پێشمەرگە و داد ناچاربکرێن سێ مانگ پێش پرۆسەکانی هەڵبژاردن واز لەکارەکانیان بێنن، تا هەڵبژاردنەکان تەواو دەبن.

١١- یاسای پەرلەمان لە یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان جیا بکرێتەوە.

**سێیەم: یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان:**

١- ماددەی (٤) هەمواربکرێتەوە بە شێوەیەک روونبکرێتەوە کە مەبەست لە داتای فەرمی چییە؟ ئەم داتەیە (سەرژمێرییە) کام لایەن ئەنجامیدەدات، چونکە ئێستا سەرژمێری گشتی نەکراوە و هەرێمیش دەسەڵاتی ئەنجامدانی سەرژمێری فەرمی نییە.

٢- ماددەی (٤) هەمواربکرێتەوە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ (١٥) ئەندام کەمبکرێنەوە، بۆ هەر زیادەیەک لە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار ئەندامێک زیادبکرێت.

٣- ماددەی (٦) هەمواربکرێتەوە بە شێوەیەک ئاسایی بێت پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجومەن لەلایەن لیستی زۆرینە پێشکەشبکرێت.

٤- ماددەی (٩) هەمواربکرێتەوە بە شـێوەیەک ئاسـایی بێت قائیمقام لە دەرەوەی ئەنجومەنی قەزا لەلایەن لیستی زۆرینە پێشکەشبکرێت.

٥- ماددەی (١٢) هەمواربکرێتەوە بە شـێوەیەک ئاسـایی بێت بەڕێوەبەری ناحیە لە دەرەوەی ئەنجومەنی ناحیە لەلایەن لیستی زۆرینە پێشکەشبکرێت.

٦- کۆی یاساکە کۆپەییەکی یاسای پارێزگاکانی رێکنەخراو لەگەڵ هەرێمێکدایە، بۆیە بەرای توێژەر نەدبوو یاسـادانەری کوردسـتان، دەقاودەق ئەم یاسـایە بۆ هەرێمی کوردسـتان تەرجەمەبکات، بۆیە هەموارکردنەوەی پێویسـتە بەشـێوەیەکی سـەردەمیانە، رەچاوکردنی لامەرکەزیەتی ئیداری بە تەواوی، پرسـی دروسـتکردنی پارێزگاشی بخاتە ناوچوارچێوەی یاساکە چۆن و بە چ ئالیەتێک دروستدەکرێت.

٧- مـاددەی (٣٥) لەیاسـای پارێزگاکان هەمور بکرێتەوە کە ئاماژە بێت بە کۆتای هێنان بە کارکردن بە یاسای ژمارە( ٦ ) ی ساڵی ١٩٩٣شارەوانییەکانی ، چونکە ناکرێت دوو ئەنجومەنی هەڵبژێردراو هەبن لەسەر ئاسـتی یەکە کارگێریەکاندا ، هەروەها لەیاسـای پارێزگاکان ئاماژە بدرێت بە راگرتنی کار کردن بە یاسـای ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣.

**چوارەم: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان:**

١-ماددەی (شەشەم) لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەمواربکرێتەوە پەیرەوی لیستی داخراو بکرێت.

٢- لە کاتێکا پێداگری لەسـەر شـێوازی لیسـتی نیمچەکراوە بکرێت، ئەوا ماددەی (٧) یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەمواربکرێتەوە، بە شـێوەیەک قەوارە سـیاسـییەکان بۆیان هەبێت بەقەد ژمارەی کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن کاندید پێشکەشبکەن.

٣- جاڕدانی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لەدەسـتی ئەنجومەنی وەزیران دایە، بخرێتە چواچێوەی دەسەڵاتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی.

٤-کار بە ماددەی (٣٢) دووبارە بکرێت، بە شـێوەیەک تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان جیابکرێتەوە و دەنگدەرانی پێکهاتەکانیش تەنها بۆیان هەبێت دەنگ بە نوێنەری پێکهاتەی خۆیان بدەن، وەک لە یاسـاکەدا هاتووە، ئەگەر نا حیکمەتی کۆتا نامێنێ.

**پێنجەم: یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:**

١-کارێک بکرێت بۆ ئەوەی کاری وا دووبارە نەکرێتەوە، کە یاسـا لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو نەکرێتەوە، لایەنی پەیوەندیداریش بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆ، کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرچواندنی یاسادا، رێوشوێنی یاسـایی بڕیار لێدراوی پەیرەونەکردووە، چونکە شـاراوە نییە مەرجی جێبەجێبوونی یاسـا بڵاوکردنەوەیەتی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان.

٢- وادەی راگەیاندنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بدرێتە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن.

٣- ماددەی (٥) هەمواربکرێت مەرجی کاندید بۆ سەرۆکایەتی ئاستی خوێندەواری بۆ زیادبکرێت.

٤- لەماددەی (٤) تۆماری دەنگدەران زیادبکرێت بۆ سەر ماددەکە.

٥-ماددەی (٨) لە یاسای سەرۆکایەتی هەمواربکرێتەوە، بە شێوەیەک مەرج دابندرێت کاندید بە براوە دادەنرێت، کە (٥٠+١) دەنگی بەشداربوان بەدەستبێنێت، ئەگەر هیچ لە کاندیدان (٥٠+١) ی دەنگەکانیان بەدەستنەهێنا، لە خولی دووم کام کاندید زۆرینەی سادەی بەدەستهێنا بە براوە هەژمار دەکرێت.

**شەشەم: یاسای حزبەکان**

١-یاسای حزبەکان هەمواربکرێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی رێککاری یاسای، لە جێبەجێکردنی یاسای حزبەکان لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی داواکاری گشتی ئەم یاسایە بخاتە سەر بنەماو بنەڕەتی خۆی، چونکە حزبەکان کۆڵەکەی بنەڕەتی ئەم هەرێمەن.

٢- رێگا بە هیچ حزبێک نەدرێت پەیوەندی بە وڵاتانەوە بکات، رێککاری یاسایی توند بگیرێتەبەر بەرامبەر حزبەکان، بێ جیاوازی لەپەیوەندی حزبە سیاسیەکان لەگەڵ وڵاتان دراوسێ، کۆنترۆڵکردنی ئەم پرسە بەپێی یاسا.

٣- پرۆسەی چاودێری میزانییە و بودجە حزبەکان توندبکرێت، حزبەکان ناچاربکرێن داهاتەکانیان بە ناوی خۆیان لە بانقەکانی کوردستان دابنێن و بری داهاتیان ئاشکرا بکەن. دیوانی چاودێری داریی لەسەر ئەم پرسە لێپێچینەوەی کات و دڵنیایی بداتە هاوڵاتیان، ئەگەر پێویستیکرد ئەم پرسە لە یاسای حزبەکان شوێنی بۆ بکرێتەوە.

٤- رێکارەکانی مۆڵەتدان بە حزبەکان بدرێت بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی.

٥- پرسی ئەنجامدانی کۆنگرەی حزبەکان بوونی نییە لە یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە پێویستدەکات یاسای حزبەکان هەموار بکرێتەوە، حزبەکان ناچار بکرێن چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکەن، هیچ ئەندامێک بۆی نەبێت لە دوو خول زیاتر لە دەستەی سەرۆکایەتی حزب دابێت.

٦- رێگا نەدرێت هیچ قەوارەیەك هێزی چەکداری هەبێت.

**حەوتەم: یاسای کۆمەکی حزبەکان:**

بەرای توێژەر یاسای کۆمەکی حزبەکان هەمواربکرێتەوەو بخرێتە سەر یاسای حزبەکان، هەروەها بەهای کورسی و بوونی فراکسیۆن بکرێتە پێوەر لە پێدانی بودجە، چاودێری بودجەی حزبەکان و کۆنترۆڵکردنی داهات و خەرجییان بەتەواوی بخرێتە ژێر چاودێری دەستەی چاودێری دارایی، دواکاری گشتیش بەرپرسیار بکرێت لە بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە، بە هاوکاری و هەماهەنگی دەستەی چاودێری دارایی.

**سەرچاوەکان:**


١) دەستووری ئیتتحادی.

٢) یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٣) یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو.

٤) یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

٥) یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٦) یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان.

٧) یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی (١٩٩٧) یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان.

٨) یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای پێدانی بودجە بە حزبەکان لە هەرێمی کوردستان.

٩) یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی (١٩٩٣) یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان.

١٠) کۆنووسی ژمارە یەکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ساڵی (١٩٩٢).

## توێژەر لەچەند دێڕێکدا

پارێزەری راوێژکار: **سلێمان مستەفا حەسەن خدر.**
بڕوانامە: بەکالۆریۆس لە یاسا – زانکۆی سلێمانی.
ئەندامێتی: (سەندیکای پارێزەران، سەندیکای مافپەروەران، سەندیکای رۆژنامەنووسان، کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز).
کاری ئێستا: جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.
بەشداری دەیان خولی ڕاهێنانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی کردووە تایبەت بەدیموکراسی و هەڵبژاردن و...هتد لەوڵاتانی (تورکیا، دانمارك، سوید، بولگاریا)
خاوەنی چەندین بڕوانامەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیە.
خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لەبوارە جیاجیاکاندا.
خاوەنی زیاتر لە ١٢ نامیلکەو کتێبە لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بەهەڵبژاردن و کاری سیاسی و دیموکراسی.
نوسینی دەیان بابەت و لێکۆڵینەوە لەسەر پرسەکانی هەڵبژاردن و یاسا و رامیاری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی کوردستان.

**پرۆژە یاسا:**

- ئامادەکردن و بڵاو کردنەوەی پرۆژە یاسای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە وادەی خۆیاندا.
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ریفراندۆمی کوردستان.
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پارێزگان.

**ناونیشان:**
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٣٠١٠٦
ئیمێڵ: sulaiman.khec@gmail.com

**سوپاس و پێزانین:**

**جێگەی خۆیەتی سوپاسی ئەو هاوریٚ بەریٚزانەم بکەم کە هاوکار مان بوون بە سەرنج و تێبینیەکانیان ، دەستیان ئەکوشم چاویان ماچ ئەکەم.**